





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست

* ڕاگەیەندراوی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو ........................................................................................................ ٤

* بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە کەسایەتیی خاتوو نەسرین قاسملوو لە پاریس .................................. ٦

* بەڕێوەچوونی ڕێورسمی بەخاکسپاردنی خاتوو نەسرین قاسملوو لە گۆڕستانی "پیرلاشێز" لە فەرانسە .................. ٨

**بەشێک لە پرسە نامە و پەیامی هاوخەمیی** ......................... ١٠

- مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات...
- "بافڵ جەلال تاڵەبانی" سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان...
- مستەفا ئۆزچەلیک سەرۆکی گشتیی پاک...
- ناوەندی ڕامیاری پارتی وڵاتپارێزانی کوردستان...
- د. هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی...
- کۆنفدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانییەوە...
- یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان...
- یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران...
- کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە...



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- ناوەندی ڕامیاریی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان...

- کۆنفدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی...

- حیزبی شیوعی کوردستان...

- ماڵاوا نەسرین خانم! ماڵاوا هاوڕێ و هاوخەباتی وەفادار! ........................ قادر وریا

- «هێلێن کرولیش» ناسراو بە نەسرین خانم ........................... د ئاسۆ حەسەن زادە

- مەلا ڕەسوڵ پێشنماز تێکۆشەر دێرین رۆژهەڵاتی کوردستان ...

⁕ ئورووپاییەک دەبێتە دایکی کوردان مەجید حەقی ................................................................ ۲۹

⁕ دیسان وڵاتی فرانسەو شاری پاریس و گۆرستانی پێرلاشێز، ڕەحمان ئیبراهیم زادە .................................. ۳۱

## کۆمەڵێک دیمانە بابەت ۳٤

- کاتەکانی چاوەڕوانیی عەداڵەت, هلن قاسملوو...

- نەسرین قاسملوو هاوسەری عەبدولڕەحمان قاسملوو بۆ (باس): وتووێژی حەوتوونامەی باس...

- هەڤپەیڤینی دلبخوین دارا لە گەڵ بەڕێز خاتوو نەسرین قاسملوو...

- هاوسەری قاسملوو: قاسملوو کە لەزیندان بوو هەندێ زانیاری لەبارەی هاوکارەکانی و بارودۆخی حیزب دابووە ساواک ......................................................................................................... سەلاح سەعید

- وتووێژی رەحیم رەشیدی لەگەڵ نەسرین قاسملوو، سەبارەت بە کتێبی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردان"

- گوڵە نەسرینی د. قاسملوو ................................................................ ئەحمەد ڕەحمانی ......... ۸۱



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو




بە داخ و کەسەرەوە ڕادەگەیەنین کە خاتوو هێلێن کرۆلیش ناسراو بە خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەر و هاوڕێ و هاوبیری دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەری بەناوبانگی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و خەباتکاری ناسراوی ئازادی و دێموکراسی، ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٠ مارسی ٢٠٢٣ زایینی(١٩ ڕەشەمەی ١٤٠١ هەتاوی) بە هۆی نەخۆشی و بەساڵداچوویی لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە شاری پاریس کۆچی دوایی کرد.

بەم بۆنە خەمهێنەرەوە وێڕای بەداخبوون بۆ ماڵئاوایی ئەم خاتوونە بەڕێزە پرسە و سەرەخۆشیی ڕێبەرایەتیی حیزب ئاڕاستەی هەموو خزم و کەس و دۆستانی نەسرین خانم و سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی دڵسۆز و ئەمەگناسی خەڵکی کوردستان و خۆمان دەکەین، و خەمی لە دەستچوونی نەسرین خانم بە هی هەموولایەک دەزانین.

خاتوو نەسرین قاسملوو ساڵی ١٣١٢ هەتاوی لە شاری پڕاگ لە پێتەختی وڵاتی چێکوسڵۆاکیی ئەوکات لەدایک بوو. خوێندنی لە زانستگەی ئەم شارە دەست پێ کرد و لە سەردەمی خوێندکاریدا لەگەڵ ڕێبەری نەمر دوکتور قاسملوو کە ئەویش ساڵەکانی کۆتایی خوێندنی لەم زانستگەیەدا تێپەڕ دەکرد ئاشنا بوو. دواتر ئەو یەکترناسینە لە ساڵی ١٩٥٢ زایینی بەرانبەر بە ١٣٣١ هەتاویدا پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی لێکەوتەوە. لەو کاتەوە تا کاتی ماڵئاواییکردنی، خاتوو نەسرین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قاسملوو لەگەڵ کورد و خەبات و بزووتنەوە ڕەواکەی ژیا و بە ئاواتی دیتنی ئازادی و بەمافگەیشتنی نەتەوەی کورد سەری نایەوە و لە ڕاستیدا چارەنووسی خۆی لە چارەنووسی کورد و خەباتەکەی گرێ دا.

وەفاداریی نەسرین خانم بە ڕێباز و حیزبەکەی دوکتور قاسملوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ساڵانی دوای شەهیدکرانی دوکتور قاسملووشدا بەرچاو و بەردەوام بوو، هەرگیز چ لە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەیدا و چ لە بیروباوەڕی دێموکراتیانەیدا لە حیزبەکەی دوکتور قاسملوو مەودای نەگرت و حیزبی دێموکراتیش چاوی لەسەر هەڵنەگرت. نەسرین خانم وێڕای دوکتور قاسملوو هەموو ئەو گرفتانەی ژیانی نهێنی لە تاران و ئاوارەیی لە عێراق و دواتر لە ئورووپای بەدڵ وەرگرت و بیرەوەرییەکانی خۆی لەو ژیانە پڕ ئازار و مەینەتەدا لە کتێبی (ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردان)دا بەیان کردووە.

بەرهەمی ژیانی هاوبەشیی دوکتور قاسملوو و خاتوو نەسرین قاسملوو دوو کچ بە ناوەکانی "مینا" و "هیوا"ن کە ئەوانیش بە هۆی ئەرکی خەباتگێڕانەی دوکتور قاسملوو زۆر بەکەمی لە نازی باب کەڵکیان وەرگرت. مانەوەی ماوە بە ماوەی نەسرین خانم لە شاخ و بوونی لە پەنا دوکتور قاسملوو و ناسینی لە نزیکەوەی پێشمەرگە و ژیانی شۆڕشگێڕانەیان هەم نەسرین خانمی لە دڵی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی دێموکراتدا جێ کردبۆوە و هەم تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و ئاواتەکانی ئەو نەتەوەیەی بۆ هەمیشە لە دڵی و زەین و مێشکی نەسرین خانمدا بۆ هەمیشە زیندوو ڕاگرتبوو.

جارێکی دیکەش بە ناوی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خەمی خۆمان بۆ لەدەستچوونی نەسرین خانم دەردەبڕینەوە و یاد و ناو و زەحمەتەکانی بۆ هەمیشە لە یاد و لەبیردا دێڵینەوە.

ڕوحی شاد و ئاواتەکانی بێنە دی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەری

٢٠ی ڕەشەمەی ١٤٠١ هەتاوی

١١ی مارسی ٢٠٢٣ زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە کەسایەتیی خاتوو نەسرین قاسملوو لە پاریس



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەشەمە، هەیئەتی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا، بە بەشداریی کەسایەتییە سیاسی و ناسراوەکانی کورد و فەرانسە و ئەندامانی حیزب لە ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، ڕێزیان لە کەسایەتیی خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەری شەهید دوکتور قاسملوو گرت.

ڕێوڕەسمەکە بە وتەکانی دوکتور کەندال نەزان، بەرپرس و بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی کورد لە پاریس دەستی پێ کرد.

ناوبراو وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی نەسرین قاسملوو، ئاماژەی بەوە کرد کە کۆچکردوو تا دواهەناسە بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و شەهید دوکتور قاسملوو وەفادار مایەوە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامی حیزبی پێشکەش بە بەشداربووان کرد و وێڕای سەرەخۆشی و هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی نەسرین خانم قاسملوو، سەرەخۆشیی لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دیمۆکرات کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوبراو بەوپەڕی ڕێز و ئەمەگناسییەوە ئاماژەی بە ژیانی سیاسی و پێشمەرگانەی خاتوو نەسرین لەگەڵ شەهید دوکتور قاسملوو کرد و لە هەمان کاتدا باسی لە وەفاداریی حیزبی دیمۆکرات لەهەمبەر ئەو بنەماڵەیە کرد و وتی: "نەسرین قاسملوو تا دواهەناسە وەفادار بە حیزب مایەوە، بۆیە حیزبی دیمۆکراتیش وەفادار بە ڕۆڵ و زەحمەتەکانی نەسرین قاسملوو دەمێنێتەوە".

کاک حەسەن شەرەفی سپاس و پێزانینی حیزبی دێموکراتی بۆ بەشداری و دڵسۆزیی دوکتور بێرنارد کوشنێر، وەزیری پێشووی دەرەوەی وڵاتی فەرانسە و هەروەها دوکتور فرێدریک تێسو، سەرکۆنسولی پێشووی دەوڵەتی فەرانسە لە هەرێمی کوردستان کرد کە هەردەم هاوڕێ و هاوکاری نەتەوەی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات بوون.

لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا هەر یەک لە بەڕێزان دوکتور بێرنارد کوشنێر، دوکتور فرێدریک تێسو، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و هەروەها خاتوو مریەم علیپوور، چەند وتەیەکیان لەسەر کەسایەتیی خاتوو نەسرین قاسملوو پێشکەش کرد. کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بە وتەکانی کاک بابەک قاسملوو، برازای شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و نوێنەری بنەماڵەی کۆچکردوو کۆتای پێ هات. ناوبراو سپاسی سەرجەم بەشداربووان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کرد کە لە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، هەردەم یار و پشتیوانی ئەو بنەماڵەیە بوون.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا: ٢٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢ی زایینی = ١٩ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی ڕێورسمی بەخاکسپاردنی خاتوو نەسرین قاسملوو لە گۆڕستانی "پیرلاشێز" لە فەرانسە



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ی هەتاوی، کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ، ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی خاتوو "هێلێن کرۆلیش" ناسراو بە نەسرین خانم قاسملوو، هاوسەری ڕێبەری مەزن شەهید دوکتور قاسملوو، لە گۆڕستانی پیرلاشێز لە شاری پاریس بە بەشداریی کەسایەتییە سیاسی و حکومی و مەدەنییەکان لەنێو ئاپۆرای ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە لەلایەن خاتوو شەیدا ویجدانی، ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی فەرانسە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە سەرجەم شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان و دایکی کوردان خاتوو نەسرین قاسملوو، دەستی پێ کرد.

لە دەستپێکی ڕێوڕەسمەکەدا، دوکتور کەندال نەزان، بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی کورد لە پاریس و هاوڕێی لەمێژینەی خاتوو نەسرین قاسملوو، وێڕای بەرزنرخاندنی تێکۆشانی بەردەوامی ئەم خاتوونە مەزنە، بۆ بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە باسی لە ڕۆڵ و نەخشی دڵسۆزانەی بۆ نەتەوەی کورد کرد.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا شاهۆ حوسێنی، ئەندامی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات، وێڕای بەداخبوون بۆ لەدەستدانی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دایکی کوردان خاتوو نەسرین قاسملوو، باسێکی لە تێکۆشانی ماندوونەناسانەی یاری وەفاداری حیزبی دێموکرات لە سەردمی شاخ و شاردا پێشکەش کرد.

لە درێـژەی ڕێوڕەسـمەکەدا هەڵـمەت ڕەحمەتپـوور، بەرپرسی کـۆمیتەی حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێـران لە فەرانسـە، پەیامی کۆمیتەی حیزبی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

ناوبراو وێڕای بەداخبوون بۆ لەدەستدانی خـاتوو نەسـرین قاسملوو، خەبـات و زەحمەتەکـانی ئەم خـاتوونە مەزنەی مێـژووی گەلی کوردی بە کورتی هێنایە بەر بـاس و وتـی کە گەلـی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و بە تـایبەتی ئەنـدامانی حیزبـی دێموکرات چاکە و خزمەتەکانی دایکی کـوردان قەت لە بیـر نـاکەن و ژیـان و خەبـاتی خـاتوو نەسـرین قـاسملوو بـۆ نەوە لە دوای نەوە دەبێتە سەرچاوەی دەرس و ئیلهام  بۆ تێکۆشانمان لە پێناو گەیشتن بە مافەکانمان.

لە بڕگەیەکی دیکە لە ڕێوڕەسمەکەدا هەر یەک لە بەڕێزان ئەحمەد شیربەگی، ڕەحمان ئیبراهیمزادە و خاتوو ئەسمەر، شیعر و پەخشانیان پێشکەش کرد.

کۆتـایی ڕێوڕەسمەکە بە وتەکـانی بـابەک قاسملوو، بـرازای شەهید دوکتـور عەبـدولڕەحمان قـاسملوو و نـوێنەری بنەمـاڵەی کۆچکردوو کۆتـایی پێ هات. ناوبراو بە ئەمەگەوە باسی لە زەحمەت و ماندووبوونی ئەنیستیتۆی کورد لە پـاریس و هەروەهـا بەشداربووان و بەتـایبەت حیزبی دێموکرات کرد.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا: ٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٢ی زایینی = ٢٦ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەشێک لە پرسە نامە و پەیامی هاوخەمیی

### پەیامی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی کۆچی دوایی نەسرین خانم قاسملوو



سەبارەت بە کۆچی دوایی خاتوو نەسرین سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری، بەتایبەت حیزبی دێموکرات و خۆمان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەم.

کۆچکردوو نەسرین خانم، بێجگە لەوەی هاوژینی ڕێبەری بلیمەتی حیزبی دێموکرات، شەهید دکتور قاسملوو بوو، کەسایەتییەکی مرۆڤدۆست و خەباتکارێکی بەوەج و دیار بوو کە تا دوایین هەناسەکانی ژیانی، دۆستی حیزبی دێموکرات و پاڵپشت و لایەنگری بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکڕاتیکی نەتەوەکەمان مایەوە. ئەم تایبەتمەندییانە وایان کردبوو کە خاتوو نەسرین لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنێک بەتایبەت لەگەڵ ڕۆژاواییەکاندا، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد بێ.

بەسەرهات و ڕابردووی خەباتکارانەی خاتوو نەسرین، پڕاوپڕە لە گیانفیدایی و لەخۆبوردوویی و بەتەواوی مانا، نوێنگەی ژیانێکی شۆڕشگێڕانەیە؛ هەر بۆیە لە قۆناغە جیاجیاکاندا، چ لە سەردەمی شاخ و چ سەردەمی ژیانی هەندەران و ماوەیەکیش لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کورستان، شان بە شانی ڕێبەری شەهیدمان، سیمایەکی شۆڕشگێڕانە و دەروەستی لە خۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نواند، و وەک خەباتکار و پێشمەرگەیەکی ڕەوشتجوان و بەئەمەگ، بەشی زۆری ساڵەکانی تەمەن و ژیانی پڕ لە شانازیی خۆی، تەرخانی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردستان کرد.

لە سەردانەکانی دەرەوەی وڵات، هەموو کات کە بە دیداری شاد دەبوومەوە، یەکەم پرسیاری سەبارت بە دۆخی حیزبی دێموکرات و هاوسەنگەرانی بوو. هەموو کات بە دڵێکی پڕ لە هیوا و بە باوەڕی گەش و کەسایەتیی جوانی، دەبووە مایەی دڵگەرمیی هەمووومان.

کۆچی دوایی خاتوو نەسرین هەواڵێکی دڵتەزێنە، بەڵام کەسایەتیی بەرز و ڕەوشتی مرۆڤدۆستانەی، میراتێکی نەمر و شیاوی لێفێربوونی بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات بەجێهێشتووە.

کۆچی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردان"خەمباری کردین، بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و بنەماڵەی خاتوو نەسرین و کچەکانی و هەموو هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەکەم.

ڕۆحی شاد و ڕەوانی ئارام.

مستەفا هیجری

٢١ی ڕەشەمەی ١٤٠١

١٢ی مارسی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی هاوخەمیی بەڕێز "بافڵ تاڵەبانی" بۆ کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو



**ماتەمینی و هاوخەمیی قووڵی خۆمان بۆ کۆچی دوایی خاتوو هێلێن قاسملوو ناسراو بە نەسرین قاسملوو، هاوژینی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دەردەبڕین.**

**دوکتور قاسملوو ناوێکی دیار و سەرکردەیەکی لەبیرنەکراوی مێژووی خەباتی کوردایەتییە. لە ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو و بە بیروباوەڕە شۆڕشگێڕی و دڵسۆزانەکەیەوە مێژوویەکی پڕ لە شانازی و سەروەریی بۆ خۆی تۆمار کردووە.**

**خاتوو هێلێنی هاوژینیشی پشتیوانێکی هەمیشەیی و دۆستێکی دڵسۆزی خەباتی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی بوو.**
**ڕۆحی خاتوو هێلێن قاسملوو شاد بێت و یاد و یادەوەریی دوکتور قاسملوو بۆ هەمیشە بەرز بێت.**

**بافڵ جەلال تاڵەبانی**

**سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**١١ - ٣ - ٢٠٢٣**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی هاوخەمیی بەڕێز "مستەفا ئۆزچەلیک" بۆ کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو

خاتوو هێلێن قاسملوو (نەسرین خان)، هاوژینی ڕێبەری کورد، شەهید دوکتور قاسملوو لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە شاری پاریس کۆچی دوایی کرد.

کۆچی دوایی خاتوو نەسرین خەمباری کردین.

ڕۆحی ناوبراو شاد و جێگای بەهەشت بێت، پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی بنەماڵە و ئازیزانی نەسرین خان، ڕێبەری و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم.

کوردستان سڵامەت

مستەفا ئۆزچەلیک

سەرۆکی گشتیی پاک

١١ - ٣ - ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی پارتی وڵاتپارێزانی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو

بە ناوی کوردستانی گەورە

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کورستان!

بەڕێز: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوژینی شەهید کاک دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ناخی دڵەوە هەموو لایەکمانی هەژاند و خەمباری کردین.

هەر بەم بۆنەوە ناوەندەی ڕامیاریی پارتی وڵاتپارێزانی کوردستان، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی هەڤاڵانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی خۆشەویستی کوردستان بە گشتی و بنەماڵەی شەهید دوکتور قاسملوو دەکات و هیوای سەبووری بۆ گشت لایەک بە ئاوات دەخوازین.

ڕۆحی شاد و یادی ئازیزانی بەخێر و هەرمان

ناوەندی ڕامیاری پارتی وڵاتپارێزانی کوردستان

١١ی مارسی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی سەرەخۆشیی پارێزگاری سلێمانی بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو



بە ناوی پارێزگاریی سلێمانییەوە، پرسە و پەژارە و ماتەمینیی خۆمان بۆ کۆچی دوایی بەرێز و ئازیزمان، خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەری شەهید عەبدولڕەحمان قاسملوو، دەدەبڕین.

داخوازین خوای گەورە ئارامی بە هەموو لایەکمان ببەخشێت و نێگای بەرێزیان بەهەشت بێت.

١١ - ٣ - ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پرسەنامەیەک لە کۆنفدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانییەوە



بەداخەوە خاتوو هێڵێن ناسراو بە( نەسرین قاسملوو) هاوژینی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری پێشوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە شاری پاریس پایتەختی فەرەنسا ماڵئاوایی لە ژیان کرد

ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ١٠ - ٣ - ٢٠٢٣ بەرامبەر بە ١٩ی ڕەشەممەی ١٤٠١ی هەتاوی خاتوو هێلێن قاسملوو، هاوژینی شەهید دوکتور قاسملوو کە لە نێو پێشمەرگەکانی و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا بە (خوشکە نەسرین)ناسرابوو، لە تەمەنی ٨٩ ساڵی و لە شاری پاریسی وڵاتی فەڕانسە کۆچی دوایی کرد.

بەهۆیەوەکۆنفدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی، بۆ کۆچی دوای خاتوو هێڵێن (نەسرین قاسملوو) ، پرسە و سەرخۆشی خۆیان ئاڕاستەی بنەماڵەی ناوبراو دەکەن،هیواخوازیشن خودای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات. هەروەها پرسە و سەرخۆشی ئاڕاستەی کەسوکار و هاوڕێیانی دەکەین، لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شادبکات، هاوکات ئارامی و دڵنەوایی بۆ هەموو لایەک دەخوازین

جێی باسە خاتوو هێلین کرۆلیچ (نەسرین قاسملوو) بە ڕەگەز هاووڵاتی چێکییە و لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە پراگ لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٣لە پراگ خوێندنی فەلسەفە و زمانی تەواو کردووە و بڕوانامەی ماستەری بە دەستهێناوە، زمانەکانی چێکی، ئینگلیزی، کوردی و فارسی دەزانێت، لە زانکۆی پڕاگ لەگەڵ شەهید دکتور قاسملوو ئاشنا دەبێت و دوایی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هاوسەرگیری دەکەن،هەروەها خاتوو نەسرین لە ئەوروپا، ئێران و عێراق ژیاوە وهەمیشە لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلی کوردستان دابووە

کۆنفدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی

١٠ - ٣ - ٢٠٢٣

---

## پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەری شەهید د، عەبدولڕەحمان قاسملوو، پەیامێکی سەرەخۆشیی بڵاو کردەوە.

لە سەرەتای ئەم پەیامەدا هاتووە: بەداخەوە خاتوو هێلێن کرۆلیش ناسراو بە نەسرین قاسملوو، هاوژینی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەری گەورە و بەناوبانگی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٩ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی، بەهۆی نەخۆشی و بەساڵاچوویی لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە شاری پاریس کۆچی دوایی کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە نێوئاخنی ئەم پەیامەدا وێڕای ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ژیانی خاتوو نەسرین قاسملوو، هاتووە: "خاتوو نەسرین لە کتێبەکەیدا بە ناوی ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردان، ئاماژە بە گشت ئەو ژیان و بەسەرهاتانەی خۆی دەکات کە لە کوردستان هاوڕێ لەگەڵ دوکتور قاسملوو بەرەوڕووی بووە".

لە کۆتایی پەیامەکەدا هاتووە: کۆچی دوایی نەسرین قاسملوو لە ناخی دڵەوە هەموو لایەکمانی هەژاند و خەمباری کردین، بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشیی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان ئاراستەی سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی خۆشەویستی کوردستان و بنەماڵەی شەهید دوکتور قاسملوو و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین.

١١ - ٣ - ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی نەسرین قاسملوو

بەداخەوە ئاگادارکراینەوە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، هاوژینە وەفادارەکەی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە شاری پاریس کۆچی دوایی کرد.

بەم بۆنەوە یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ماڵباتی خوالێخۆشبوو و هەموو گەلی کورد دەکات و لە خودای گەورە دەپاڕێینەوە ڕۆحی بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.

هێلێن ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردان، ناسراو بە خوشکە نەسرین هاوژینی شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو، ساڵانێکی زۆری تەمەنی شان بە شانی ڕێبەرمان لە کوردستانی گوزەراند و لە گشت خۆشی و ناخۆشییەکانی سەر ڕێگای خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بەشدار بوو، بەڵام بۆ جارێکیش ڕەخنە و گازەندەی نەخستە ڕوو، کۆڵی نەدا و پاشگەز نەبووەوە، بەردەوام شاخ و کێوەکانی کوردستانی پێوا بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی ڕێبەری شەهیدمان، خوشکە نەسرین لە کتێبەکەیدا بە ناوی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردان" ئاماژە بە گشت ئەو ژیان و بەسەرهاتانەی خۆی دەکات کە لە کوردستان لەگەڵی بەرەوڕوو بووە.

یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران

٢٠ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی = ١١ی مارچی ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی سەرەخۆشیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو "نەسرین قاسملوو"

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕێکەوتی ١٠ی مارسی ٢٠٢٣، خاتوو هێلێن کرۆلیش ناسراو بە نەسرین قاسملوو، هاوسەری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێ کردین و هەمووانی خەمبار کرد. خاتوو نەسرین قاسملوو، پشتیوان و هاندەر و دڵسۆزی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، هەر بۆیە هەموومان، هاوڕێ و پشتیوانێکی گەورەمان لەدەست دا.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی خاتوو نەسرین، بە تایبەت کچەکانی هیوا خانم و مینا خانم، کەسوکار و هاوڕێیان و حیزبی دێموکرات و سەرجەم خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.

سکرتارییەتی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

١١ی مارسی ٢٠٢٣ی زایینی

٢٠ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پەیامی هاوخەمیی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو "نەسرین قاسملوو"

**ناوەندی ڕامیاریی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان،**

**بنەماڵە و کەسوکاری نەمر نەسرین قاسملوو!**

**ناوەندی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران!**

**بەداخەوە ئاگادار بووینەوە کە لە ڕێکەوتی ١٠ی مارسی ٢٠٢٣دا خاتوو نەسرین قاسملوو، هاوسەری نەمر دوکتور قاسملوو لە وڵاتی فەرانسە کۆچی دوایی کرد. خاتوو نەسرین ژنێکی خەمخۆر و دڵسۆزی شۆڕشی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و بە کۆچی دوایی ئەو، گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات دڵسۆز و خەمخۆرێکی خۆی لەدەست دا.**

**بەم بۆنە خەمناکەوە وەک ناوەندی ڕامیاریی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری نەمر خاتوو نەسرین و ناوەندی بەڕێوەبەری و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.**

**ناوەندی ڕامیاریی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان**

**١٢ی مارسی ٢٠٢٣ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پرسەنامەیەک لە کۆنفدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو

بەداخەوە خاتوو هێڵێن ناسراو بە "نەسرین قاسملوو"، هاوژینی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری پاریسی پایتەختی فەرانسە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ١٩ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی، خاتوو هێڵێن قاسملوو، هاوژینی شەهید دوکتور قاسملوو کە لەنێو پێشمەرگەکان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا بە "خوشکە نەسرین" ناسرابوو، لە تەمەنی ٨٩ ساڵی و لە شاری پاریسی وڵاتی فەرانسە کۆچی دوایی کرد.

بەهۆیەوە کۆنفدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی، بۆ کۆچی دوایی خاتوو هێڵێن (نەسرین قاسملوو)، پرسە و سەرخۆشیی خۆیان ئاراستەی بنەماڵەی ناوبراو دەکەن، هیواخوازیشن خودای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

هەروەها پرسە و سەرخۆشی ئاراستەی کەسوکار و هاوڕێیانی دەکەین، لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، هاوکات ئارامی و دڵنەوایی بۆ هەموو لایەک دەخوازین.

جێی باسە خاتوو هێلین کرۆلیچ (نەسرین قاسملوو) بە ڕەگەز هاووڵاتیی چێکییە و لە ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە پراگ لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە پراگ خوێندنی فەلسەفە و زمانی تەواو کردووە و بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زمانەکانی چێکی، ئینگلیزی، کوردی و فارسیی زانیوە. لە زانکۆی پراگ لەگەڵ شەهید دوکتور قاسملوو ئاشنا بووە و دوایی هاوسەرگیرییان کردووە. هەروەها خاتوو نەسرین لە ئورووپا، ئێران و عێراق ژیاوە و هەمیشە لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلی کوردستاندا بووە.

٢١ی رەشەمەی ٢٧٢٢

١٢ی مارسی ٢٠٢٣ی زایینی

---

## پەیامی حیزبی شیوعی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو نەسرین قاسملوو

بە کۆچی دوایی خاتوو "نەسرین خان" هاوسەری کۆچکردوو دوکتور قاسملوو، کەسایەتیی شۆڕشگێڕ و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیگەران بووین، بەم بۆنە خەمناکەوە بەناوی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان دەکەین و هیواخوازین دوا ناخۆشیتان بێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

مەکتەبی سیاسی

حیزبی شیوعی کوردستان

٢١ی رەشەمەی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ماڵاوا نەسرین خانم!ماڵاوا هاوڕێ و هاوخەباتی وەفادار!



**قادر وریا**

دوێنێ هەینی، ١٠ی مارسی ٢٠٢٣، خاتوو هێلین کرۆلیش(نەسرین قاسملوو) هاوژیان و هاوڕێ و هاوخەباتی ڕێبەری شەهیدمان د.قاسملوو، ماڵاوایی یەکجاری لێکردین. نەسرین خانم کە خەڵکی وڵاتی چێک بوو، هەر لە بەر ئەوە نا کە هاوسەری د.قاسملوو بوو، لای دیموکراتەکان و کوردی ڕۆژهەڵات خۆشەویست بوو، بەڵکوو بۆ خۆشی دۆستێکی بەوەجی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان و پشتیوانێکی دڵسۆز و هەتاسەری حیزبی دیموکرات و پرسی کورد لە ئێران و لە هەموو کوردستان بە گشتی بوو. لەچەند قۆناغ و بڕگەی ژیانیدا، شانبەشانی د.قاسملوو لە خەبات و تێکۆشانی نهێنی لە نێوخۆی ئێران و کوردستان بەشدار بوو و بەرەوڕووی مەترسیی بۆوە. لە دەیەی هەشتای زایینییشدا لەو کاتەدا کە خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە ببوونە ئامانجی شەڕی نابەرامبەر لە گەڵ ڕێژیمی ئێران، لە شار و گوند و شاخەکانی کوردستان مایەوە. هەر ئەو کاتیش بوو کە بۆ یەکەم جار لە ناوچەی شنۆ بەدیتنی شاد بووم.

بۆ کۆچی دوایی ئەو خاتوونە دڵسۆزە و ئەو دایکە مێهرەبانەی پێشمەرگەکان بە داخم. سەرەخۆشی لە کچەکانی و هەموو ئەوانە دەکەم کە خۆشیان دەویست و قەدریان دەزانی. هاوخەمیانم. گیانت شاد و یادت بەڕێز دایە نەسرین!

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# «هێلێن کرولیش» ناسراو بە نەسرین خانم




**ئاسۆ حەسەن زادە**

**بایەخی «هێلێن کرولیش» ناسراو بە نەسرین خانم تەنیا ئەوە نەبوو کە هاوسەری دوکتور قاسملوو بوو، بەڵکوو بۆخۆشی ژنێکی خوێندەوار و بەفەرهەنگ و ئازا، و کاراکتێرێکی بەجیا و زۆر سەرنجڕاکێشی فیلمنامەی ژیانی دوکتور قاسملوو بوو. ئەو ساڵانێکی درێژ بەکردەوە بۆ حیزبی دێموکڕات ڕاوێژکارێکی بەنرخ و هەتا سەر بۆ گەلی کورد پشتیوانێکی وەفادار بوو. لە تەمەنی چوار ساڵیمەوە - لەو ڕۆژەوە کە لە گوندی کاژێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم وێنەی جارێ بەردەستی منی گرت- دەمناسی. دوایین جار کە لە پاریس یەکترمان دیت، گوتم ئەوجار با ئەمن وێنەیەکی تۆ بگرم! بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی خوشکە نەسرین و نیشاندانی سۆز و ئەمەگناسییم، هەردووکی ئەو وێنانە و نامەیەکی وی کە کاتی گەیشتنم بۆ فەڕانسە بۆی ناردبووم (ژانویەی ١٩٩٤) و لەوێدا دەبینین چەندە دەسخەتی وەک دەسخەتی دوکتور قاسملوو دەچێ، لێرەدا دادەنێم.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com



آسو گیان، نامه‌ات رسید و مرا خوشحال کرد. امیدوارم سلامت هستی
و فرانسه را حالا مثل بلبل حرف میزنی. نامه تو بعد از سه ماه تازه به
دستم رسید و حالا آدرس ترا ندارم. انشاالله از راه دفتر پاریس این
چند کلمه بتو برسد. نامه روبرت را همان زمان رساندم و آدرس او همراه
این کارت است و همچنین آدرس هلن.

FEVRIER 94 G

آسو جان، عید نوروزت مبارک. آرزویم برایت اینست که در فرانسه
سلامت و خوش بمانی و درست بخوبی پیش برود. و اگر چیزی - هرچه -
لازم داشتی من همیشه حاضر هستم کمکت بکنم و امیدوارم ترا ببینم.
برای پدر و مادرت که نامه نوشتی سلام مرا بایشان برسان. با سلام گرم نسرین قاسملو

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠٢٣**

## پرسە نامە
## مەرگی براژنە نەسرین هاوژینی شەهید د. قاسملوو



**مەلا ڕەسوڵ پێشنماز**

بەداخێکی گرانەوە شەوی ڕابردوو خەبەری مەرگی براژنە نەسرین هاوژینی شەهید د. قاسملووم بەرچاوو کەوتوو بو بە هۆی پەژارە و خەمباریم، چەنکە لەگەڵ هێلین خانم کە لە ناو حیزبی دێموکڕات و کوردستاندا بە خوشکە نەسرین دەناسرا، خاترەو بیرەوەی زۆر لەمێژینەم هەیە. ساڵی ١٩٧٧ی زایینی. ئێمە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزب لەسەر داوای شەهید د. قاسملوو بۆ کۆبونەوەی کومیتەی ناوەندی هەر هەمووومان بە سەفەر چوین بۆ فەڕانسا. بە دوای تەواو بونی کۆبونەوە و گەڕانێکی زۆر لەسەر داوای دوکتور من ماوەیکی زۆر لە شاری پاریس مامەوە، بەتایبەت لەو کاتدا کە خەلیلی براشم لەوێ دەیخوێند. لەو ماوەیەدا خوشکە نەسرین و شەهید د. قاسملوو یەگجار زۆر بەمنەوە ماندوو بوون یەگجار زۆریان گێڕام، بەتایبەتی خوشکە نەسرین، چونکە خەلیلی برام خوێندکار بوو نەمدەویست زۆر کاتی ئەو بگرم. پێش چونی ئێمە شەهید د. سادقی شەرفکەندی لەوێ خوێندنی تەواو کردبوو گەڕابۆوە بۆ ئێران و ماشێنێکی کیسەڵی خەراپۆکەی هەبوو بۆی بەجێ هێشتبوون، ئیتر ڕۆژانە بەو سەیارە منیان دەگێڕا. خوشکە نەسرین لەگەڵ شەهید د. قاسملوو تەواوکەری یەکتر بوون، دوای هاوسەگیریان لە شاری پراگ و گەڕانەوەیان بۆ ئێران، خوشکە نەسرین لە تاران و گوندەکانی کوردستان یەگجار زۆری نارەحەتی و خۆشاردنەوەو گوێرەوەری چێشت، ئەو فارسی و کوردیە باشەش کە زۆر چاکی قسە پێ دەکرد هەر لەوکاتدا فێر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ببو، جگە لە کوردی و فارسی، زمانەکای ئینگلیزی و فەرەنسی و چیکیشی بە باشی دەزانی، هۆگرێکی زۆر زۆری بە کورد و کوردستانەوە هەبوو، لە ماڵەوەش لە پاریس لەگەڵ دوکتور هەر بە کوردی و فارسی زۆرتر قسەیان دەکرد. شەوێکی میوانیان بووم سەرتاسەر هەر بە فارسی قسەیان دەکرد، منیش بە ڕاهاتنی هەمیشەیی خۆم ڕەخنەم لە دوکتور گرت، ئەویش لە وڵامدا کوتی کاکی خۆم ئەتۆ هەر خووت بەوە گرتوە ڕەخنە لە من بگری، دەنا ئێمەیکی کە لە گەڵ فارس لە کێشە داین و ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پێمان بکەوێتەوە وڵاتی خۆمان و بە باشی زمانەکەیان نەزانین هەست بە کەمی و چوک بونەوە دەکەین، قسەکەی زۆر ڕاست بوو. لەسەر یەک خوشکە نەسرین لە دەورانی هەرە گەنجیەتیوو هەرەتی لاوەتیدا و لە کاتی بەدنیا هاتنی یەکەم کیژۆڵەی لە تاران و لای ورمێ و گوندەکانی کوردستان زۆری نەهامەتی و نارەحەتی چێشت و بۆ هاوکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان و پشتیوانی لە شەهید د. قاسملوو یەگجار زۆری زەحمەت کێشا و هەتا فەوتیشی کرد لەو ڕێگایەدا هەر وەفادار مایەوە.

ڕوحی پاکی ئەو ژنە خزمەتگوزار و دڵسۆزە ئارام و ئاسودە بێ، سەرەخۆشی و هاو دەردی خۆم بە کیژۆڵەکانی و نەوەکانی و حیزبی دێموکرات و گەلی کورد ڕادەگەینم.

دڵسۆزی خوشکە نەسرین

مەلا ڕەسوڵ پێشنماز

٢٣ - ٣ - ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئورووپاییەک دەبێتە دایکی کوردان



Dr. Abdul Rahman Ghassemlou and his wife Helen Krulich in 1952

**مەجید حەقی**

کاتێک هێلێن کرولیچ لە تەمەنی ١٧ ساڵەدا لە گەڵ "عبدالرحمان قاسملوو" ئاشنا دەبێ و دواتر ژیانی هاوبەش لە گەڵی پێک دێنێت، نەیدەزانی کورد دەبێتە بەشی هەرە زۆری ژیانی و ئەو دەبێتە بەشێک لە مێژووی خەباتی کورد و کوردستان لە پێناو گەیشتن بە مافی دیاری کردنی چارەنووس. چەند ساڵ لە ژیانی هاوبەشیان تێپەر نەببوو کە دوای ڕاکردنی حەمەرەزا شا لە ئێران و حکوومەتی موسەدیق قاسملوو و هێلێن پێکەوە گەڕانەوە ئێران بۆ ڕێکخستنی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات، کە ئەوکات جارێ بەشێک بوو لە حیزبی توودە. لەوکاتە بەدواوە هێلێن بوو بە نەسرین و بوو هاوبەشی ژیانی کوردان و بەشێک لە مێژووی خەڵکی کوردستان. نەسرینی ئورووپایی بە تەواوی خۆی لە گەڵ هەلومەرجی خەباتی ژێرزەمینی دەگونجێنێت و وێرای بەشداری لە هەندێک کاروباری ڕێکخراوەیی و سیاسی بە تەنیا بەخێوکردنی مناڵان لە کاتێکدا کە هاوسەرەکەی خەریکی خەبات و ڕێکخستن و ڕێبەری بوو. نەسرین قاسملوو لە هەموو ئەو ژیانە ئەستەمەی کە کەسێک بە زەحمەت بتوانێت بەرگەی بگرێت خۆڕاگری دەکات و تا چیرۆکی سەرهەڵدانی ڕێبەرێکی کاریزماتیک، کارامە و ئاسۆ بین بە چاوی خۆی دەبینێت و دەتوانم بێژم هاوکاری دەبێت بۆ خوڵقاندنی ڕێبەرێکی مێژوویی.

دوای شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو هێلێن لە هاوسەری ڕێبەرێکەوە دەبێتە دایکی نەتەوەیەک، وەک دایکێکی دڵسۆز لە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و ژنانی ئەو حیزبە هاندەر و یاریدەدەریان دەبێت و دەبێتە سەرمەشقی زۆرێک لە ژنانی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کچانی کورد. ئازاری لێک دابڕانی حیزبی دێموکرات بە هەموو وجوودیەوە هەست دەکات و سەر ئەنجام شادی یەکگرتنەوەی دووبارەی بنەماڵەی دێموکرات ئەزموون دەکات.

یەکەم جار پاییزی ١٩٨٩ کە بۆ سەردان هاتبوو کوردستان شانازی ئەوەم هەبوو "خووشکە نەسرین" ببینم، ئەوکات پێشمەرگەی فێرکار لە ئینتشاراتی حدکا بووم. نەسرین قاسملوو لە سەفەری خۆی چەند کۆمپیوتێری ماکینتۆشی بۆ ئینتشاراتی حیزب هێنابوو کە حکوومەتی سەدام لە بەغدا دەستی بەسەردا گرتبوو و نەمانتوانی ببینە خاوەنی سیستەمی پێشکەوتووی چاپەمەنی. هەرچەند چەندمانگێک لە شەهیدبوونی هاوسەر و هاورێیەکەی تێپەر نەببوو بەڵام ورە و ئیرادەی پۆڵایینی ئەو ژنە ئورووپاییەی ناو کوردان سەرنج ڕاکێش و ژیان بەخش بوو.

کتێبی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردان" دەفتەری کۆڵنەدەری، فیداکاری و لە خۆبردوویی مرۆڤێکی عاشق نیشان دەدات، مرۆڤێک کە لە پێناو ئەڤینی خۆیدا هەموو خۆشییەکانی ژیانی ئورووپایی بەجێ دێڵێ و ئەستەمترین کاتەکان هەڵدەبژێرێت، وێرای ئەوەی کە ماندوو نابێت، دەبێتە ڕاوێژکار و هاورێی بە مشووری ڕێبەری کوردان.

خووشکە نەسرینی کوردان لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢ی کوردی لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ئەو لە ژیانی خۆیدا بینەری چەندین شۆرش بووە و لە گەڵ شۆرشگێرانێکیش بووە کە جارێ باوکسالار و پیاوسالار بوون. سەر ئەنجام ئەو توانی بینەری یەکەم شۆرشی فێمینیستی و ژنانەی "ژن ژیان ئازادی"ش بێ و دڵنیام وەدیهاتنی خەونی یەکسانی مرۆڤیی لە نێوان هەموو جێندەرەکان بۆ هێلێن قاسملوو لە هەموو کاتێک زۆرتر دیار بووە. بازنەی ژیانی هێلێن قاسملوو بە جیهانێک لە خۆشەویستی کۆتایی هات.

ڕۆحی شاد بێ و یادی بەرز و هەرمان بێ.

١١ - ٣ - ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دیسان وڵاتی فرانسەو شاری پاریس و گۆڕستانی پێرلاشێز، گۆڕستانی گەورە پیاوانی سۆربوونی پاریس.**



**ڕەحمان ئیبراهیم زادە**

**کە بە سەدان سەرکردەو ڕێبەر و شاعیر و نووسەرو هونەرمەندی لە ناو هەناوی خۆی دا جێ کرتۆتەوە.**

**ڕۆژی ٢٤ ٣ - ٢٠٢٣ ئێمە کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەی دێرینی حیزب و دۆستانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی بەڕێز خوشکە نەسرین قاسملوو سەکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و سەرۆکی کاریزماتیکی گەلی کورد کۆبووینەوە. بۆ دوا ماڵاوای کردن لە دایکی کوردستان خانمی بەڕێز و گەورە، هاوژینی دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو سەکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان.**

**بەو بۆنەوە ئەو پارچە هۆنەراوەم خوێندە، دوای خوێندنەوە پێشوازیەکی گەورەیٚ لێکراو بە تایبەت کاک دوکتۆر کەندالٚ نەزان بە گەرمی دەستی گوشیم و دەست خۆشی لێکردم. من لێرە دا تنها هەستی خۆم دەربریوە، من شاعیرو نوسەرنیم و خۆشم لە قەرەیٚ ئەو شتانە نادەم بەڵام نەم دەزانی چۆن هەستی خۆم بەو بۆنە تاڵەوە دەربەبرم، زۆرم بیرکردەوە سەرنجام بەو شێوە ساغ بوومەوە.**

**بۆ خوشکی بەڕێزم نەسرین**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خوشکەکەم نەسرین، کەژاوەکەی گریانی تۆ وەک فرمێسک رەژان لە چاوی مە بۆ کۆچی تۆ.
گیانی گەرمی لە بەردابوو،خەنجەرێکی جەوهەرداری لەکەل دابوو.
لە پێشەنگی ،کەژاوەت دا ئاڵای خوێنینی کۆمارەکەی مەهاباد هەڵکرابوو.
لە تەک ئەوا، سێدارەکەیٚ چوار چرا بوو.
لە قەندیل ئەو کات کە باوەشت لە چیاکانی کوردستان دابوو، لە رۆژێکی بەهاری دا و
لە ئوتریشیش لە پەنا شوێنی تیرۆری دوکتۆری هاوسەرت
پێت گوتم و راستت کرد. کە فەرمووت کورد دووهەزارو پێنسەد ساڵە هەر
ئەنوون و ئەخەوەن لە سەر درۆ ،راست ئەکەی تۆ دوو هەزارو پێنسەد ساڵە گوێمان کەرە
زمانمان گیرۆدەو لاڵە بەڵام هەی هۆ،کەی لای ئێمە، پەسند بووە ژنی راست گۆ.
کە هاتیە لام ،پیپامێکی وات بۆ هێنام، وەشەکانی وەکو پریشکی ئاگر وا بوو، هەی رۆژانی شاخ و شار بوو.
دەستم برد و خوێندمەوە، هەواڵی تیرۆری سەرکردەکەم قاسملوو بوو. گەلێک گریام ، گریام بۆ خۆم گریام بۆ تۆ.
خوشکەکەم
بەو چاوەم دیم، زەردەخەنەیٚ،لە دواوەبوو کەژاوەکەی گریانی تۆ. لە تنۆکی ئەو فرمێسکە دا بارانەیٚ فرمێسکی دوکتۆری هاوسەرت و دەماری بازووی کاوەیٚ کوردم دی.
لاشەیٚ کەوتووی زوکاکم دی، لەو سەرەوە ئاڵای سێ رەنگی کوردستانم دی، لەو لاشەوە ئاسۆیەکی رووناکم دی
لە تنۆکی فرمێسکی ئەو جارەم دا بەلێشاو فرمێسکی میناو هیوام دی
لەو لاشەوە باوەشی گەرمی قاسملووم دی کە باوەشی گرتەبووە بۆ هەژارو چەوساوەکان، بە هەشتم دی،راوەستابوو لە سەر چۆکان کوندەبووم دی لە سەر لاشەی چوار دیوارێک.
خوشکەکەم نەسرین.
تۆ کە هاتی بارانەیٚ بەکرێوەت هێنا بۆ داشتەنی ئەرزی خودا.
بۆ هەڵگەران بەرەو خۆر پێژەت لە داری زیتوون هێنا. کە هاتی موژدەنامەیٚ زستانی سەرت هێنا. دەنگی مەزدە و یاخی بون و گرت هێنا.
ئێستاش پرچی سەپیت هۆنیوەتەوە بۆ ژوانێ لای کاکە سوارەی ، بەڵام داخەکەم پرچی رەش و چاوی کاڵت ئێستا خۆڵەمیشین و چەپکە نێرگەزی سەر گۆر و سپیلکەی چاوی ئەرغەوانین.
ئێستاش خوشکەکەم، کە هەر دەرۆی.
لە موغەکانی شارەوە،چەپکەهەواڵێک بەرەوە بۆ مەزاری گەورە پیاوانی گۆرستانی پێرلاسێز، بۆ ئەو سەرکەردەو رێبەرانەیٚ کە دێن بۆ پێشوازیت، بۆ ئەو شارەیٚ کە بۆتە ماڵی ئەبەدیت و ئیترناگەرێیەوە بۆ لامان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆ دانیشتوانی ئەو شارە ، بڵام لە بیر نەکەیٚ دەنگ و باسی شارەکەیٚ من شاری تینو،بۆ ماچی جێژنە پیرۆزە. لە یەک بەیەکی شارو گوندی کوردستانەوە لە بەرزای و نویای و سە نگەری پێشمەرگەوە. پی یان بەڵی شۆرەشی ژینا چاوەروانی هەستانەوەتانە، لە بیرنکەیٚ دەنگ و باسی ،ئەومنداڵەی ، بۆ لە تێک نانێک، تا ئێوارە بەرئەبیتە گینانی مردووی، شەقامەکان.

جا توخوا خوشکەکەم

دوای گێرانەویٚ خەبەرەکان بۆ هەمیشە دەست لە ملی قاسملووکە.

کە زۆر دەمێکە لە پیرلاشێز چاوەرێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆمەڵێک دیمانە بابەت

## کاتەکانی چاوەڕوانیی عەداڵەت, هلن قاسملوو

لە نووسینی: هلێن قاسملوو، ڕۆژنامەی ئۆتریشی "دیی پرەسە"

و: بۆ فارسی: کەیوومەرس شەهسەواری. و : بۆ کوردی حەمید تەیمووری

**بکوژانی هاوسەرەکەم ئێستا بەرپرسانی حکوومەتی ئێرانن - ئایا هەر بەو هۆیەیە کە هیچ لایەک پێیان ناوێرێ؟**

ماوەی زیاتر لە ١٨ ساڵ لەمەوبەر واتە لە ڕێکەوتی ١٣ی ژولای ساڵی ١٩٨٩دا، تێرۆرێک دژی نوێنەرانی کوردەکان، دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حدکا و نوێنەری ئەو حیزبە لە دەرەوەی وڵات عەبدوڵلا قادری ئازەر ئەنجام درا.

حکوومەتی ئێران مێردەکەم عەبدولرەحمانی قاسملووی داوەت کرد بۆ وتووێژ لە سەر کێشەی کوردەکان لە ئێران. هەڵبەتە ئێرانییەکان بە پاسپۆرتی سیاسی هەر بەو مەبەستە بۆ وییەن سەفەریان کردبوو، ئەمانە ئەو تێرۆریستانە بوون کە قاسملوو و هاوڕێکانییان لە سەر مێزی وتووێژ شەهید کرد. ئەوانە تەنانەت پرۆفیسۆر فازڵ ڕەسووڵ کە ناوبژیکەری ئەم وتووێژە بوو، دەستڕێژیان لێکرد و شەهیدیان کرد.

پاش چەند سەعاتێک ئاشکرا بوو کە ئەوانەی بە پاسپۆرتی سیاسی لەم وتووێژەدا بەشدارییان کردووە ئەم جینایەتەیان ئەنجام داوە. سەرەڕای ئەم کردەوەیەش نە تەنیا ئازاد کران بەڵکوو پۆلیسی ئۆتریش تاکوو فڕۆکەخانە ئیسکۆرتی کردن. بەرپرسی تیمی تێرۆرەکەش، محەمەد جەعفەر سەحراروودی، لێرەدا دەستی بە پۆستی جێگری بەرپرسی شووڕای بەرزی ئەمنیەتی میللی گەیشتوە. هەرچەند حوکمی گرتنی بە زۆری لە ئۆتریش لە سەرە، بەڵام تاکوو ئێستا هیچ هەنگاوێک بۆ گرتنی ناوبراو نەنراوە. لانیکەم زانیاری لە جێگای دانیشتنی سەحراڕوودی لە کوردستانی عێراق و یان ئەوەی کە لەم دواییانەدا وەکوو نوێنەری هەیئەتی بەشدار لەو کونفرانسە کە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی عێراق لە "شرم الشیخ" لە میسر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێک هات، بووە. هەرچەند حەوتەنامەی "پروفایل" لەم بارەیەوە هەواڵێکی بڵاو کردەوە. بەڵام لە لایەن دەوڵەتی ئۆتریشەوە هیچ دژکردەوەیەک پیشان نەدراوە.

## لە چاوەڕوانی عەداڵەت دا

زیاتر لە ١٨ ساڵ لە ڕووداوی تیرۆری ڤییەن تێدەپەڕێ. پاش ڕاگەیاندنی حوکمی دادگای "میکۆنۆس" لە ڕێکەوتی ١٠ی ئاپریلی ساڵی ١٩٩٧دا کە لەوێ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاوانبار کران و سەرەڕای ئەوەش تاوانباریی کۆماری ئیسلامی ئێران بە بێ هیچ گومانێک سابت کرا. هێشتا دەزگای قەزایی ئۆتریش لە درێژەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم تێرۆرە سیاسییە بەرگری دەکا.

لە ڕێکەوتی ١٧ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢دا جێگری دوکتۆر قاسملوو واتە دوکتور شەرەفکەندی لە ڕێستوورانێکی یۆنانی بە ناوی "میکۆنۆس" کەوتە بەر هێرشی تێرۆریستان کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە مەئموریەتی ئەو تێرورەیان پێ سپێردرابوو. بە پێچەوانەی دەزگای قەزایی ئۆتریش، "قوەی قەزائییە"ی ئەڵمان سەرەڕای ئەوەی کە داکۆکی لە سەربەستیی خۆی دەکرد، ڕووداوی تێروری بێرلینی ئاشکرا کرد. لە دۆسیەی دەرکردنی حوکمی مێژوویی میکۆنۆسدا ئاماژە بە بواری تێروری ڤییەن کراوە کە دەڵێ: "بۆ ئەوەی ئەم دەنگەی حدکا کپ بکرێتەوە، ڕێبەرانی سیاسیی ئێران ئەم بڕیارەیان داوە کە نە لە ڕێگەی سیاسی لەگەڵ ڕێبەرانی حدکا خەبات بکرێ بەڵکوو ئەوانە لە ڕێگای ڕەق و قینەوە دەبێ لە نێو ببرێن."

تێرۆری سکرتێری پێشووی حدکا د. قاسملوو و دوو هاوڕێکەی لە ڤییەن و جینایەتی میکۆنۆس لە بێرلین بڕیارێک بوو کە لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دراوە. ئەو بەڵگانەی کە لە کاتی دادگای میکۆنۆسدا دەست کەوتن، ڕووداوی ڤییەن و بێرلین بە جۆرێکی نکوولیلێنەکراو بە یەکەوە گرێ دەدا و هەبوونی دەستی ڕژیمی ئێران بۆ ئەنجامدانی ئەم جینایەتە بە ئاشکرا سابت دەکا. بە ناوی عەداڵەت، مافی مرۆڤ و بۆ مانەوەی کەرامەت و سەربەستیی "قووەی قەزاییە"ی ئۆتریش، لە دەوڵەتی ئۆتریش داوا دەکەم بۆ ڕوونکردنەوەی جەنایەتی ڤییەن لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا سەر لە نوێ دەست پێ بکاتەوە.
لێرەدا باسی عەداڵەت لە بەرانبەر قوربانییان و بنەماڵەی ئەواندا و هەروەها میللەتی ئۆتریش دەکرێ. کات هەرچی خێراتر تێدەپەڕێ، بەڵام جینایەتی ١٣ی ژوولای ساڵی ١٩٨٩ هەرگیز لە بیر ناچێ.
هلێن قاسملوو هاوسەری عەبدولڕەحمان قاسملوو کە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤییەن شەهید کرا و ناوبراو دانیشتووی پاریسی فەرانسەیە.

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## نەسرین قاسملوو هاوسەری عەبدولڕەحمان قاسملوو بۆ (باس):



**ئێستەش تێنەگەیشتووم چۆن کەسایەتییەکی وەکو قاسملوو کەوتە داوی ئەو پیلانەوە**

**وتووێژی حەوتوونامەی باس**

لە قاوەخانەیەکی شەقامی (سەین میشێل)ی سەنتەری پاریس چاوەڕێی دەکردم، من خەمی ئەوەم بوو چۆن لەنێوان ئەو هەموو خەڵکەی ناو قاوەخانەکە ئەو بناسم و بیدۆزمەوە، ئاخر پێشتر وێنەیشم نەبینیبوو.

بەڵام (نەسرین قاسملوو) وەک ئەوەی بە ڕۆحی... هەموو کوردێک ئاشنا بێت، هەر بە گەیشتنم و بە یەکەم بینین، زانی من ئەو کەسەم کە بۆ دیداری ئەو هاتووم، سڵاوی لێ کردم و بانگی کردمە لای خۆی، دوای خواردنەوەی قاوەیەک دانیشتنەکەمان ئەو گفتوگۆیەی لێ هاتە بەرهەم.

**باس**: بۆ یەکەمین جار چۆن و لە کوێ لەگەڵ دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو یەکترتان ناسی و پێوەندی لە نێوانتان دروست بوو، دوایی چۆن پێوەندییەکەتان گەیشتە ژیانی هاوسەری؟

**نەسرین قاسملوو**: ئێمە یەکترمان کاتێک ناسی کە من خوێندکاری زانکۆ بووم و تەمەنم ١٧ ساڵ بوو، ئەویش ٢٠ ساڵ، ئەو یەکترناسینەش لە زانکۆی پراگ بوو لە ساڵی ١٩٥٢. لە ساڵی ١٩٥٣ ژیانی هاوسەریمان پێکهێنا و لەو کاتەوە تا ٣٧



Serchawe
https://serchawe.com

ساڵ چارەنووسمان بەیەکەوە بەسترایەوە. دکتۆر خوێندنەکەی تەواو بوو گەڕایەوە بۆ ئێران، بەڵام من بەهۆی بوون بە دایک، ساڵێک دوای ئەو بە منداڵەوە ڕۆیشتم بۆ ئێران. لەوێش چەند مانگێک لەنێو ماڵباتی قاسملوو بووین لە ورمێ. ئیتر هەر لەوێوە ژیانی نهێنیی ئێمە دەستی پێکرد، چونکە پۆلیس بەدوای دکتۆرەوە بوون.

**باس: لە دەمی یەکتر ناسینتاندا چ شتێک لە د.قاسملوودا هەبوو کە جێی سەرنجی تۆ بوو و تۆی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا؟ کەسایەتیی ئەو، ڕۆشنبیریی ئەو یان سیاسی بوونی ئەو؟**

**نەسرین قاسملوو:** ئەوکات من کچێکی ١٧ ساڵان بووم، کە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی چێکۆسلۆڤاکیا بووم و هاتبوومە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە. پێوەندیی ئێمە لە سەرەتاوە سیاسی نەبوو، ئێمە زوو عاشقی یەکتر بووین. لە دواییدا بۆ من شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو کە ئەو دەیویست بۆ نەتەوەکەی خەبات بکات. دۆسیەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆ من جێی سەرنج بوو، کورد کە پێشتر هەر ناویشم نەبیستبوو و نەمدەزانی هەیە، بۆ من بووە دۆسیەیەکی گرنگ. ئەوەبوو کە ئێمەی لەیەکتر نزیک کردەوە.

**باس: تۆ ٣٧ ساڵ ژیانی هاوبەشت لەگەڵ د.قاسملوو بەسەر بردووە، ئێستە کە بیری لێ دەکەیەوە ئەو ژیانە چۆن بوو و تا چەند پێی ئاسوودە بوویت، ئایا شتێکی تێدا بوو بەخواستی تۆ نەبووبێت؟**

**نەسرین قاسملوو:** ژیانی هەموو مرۆڤێک هەوراز و نشێوی خۆی هەیە و ئێمەش هەروەتر. ئەو شتەی کە بۆم گرنگ بوو ئەوە بوو کە دکتۆر دەیویست بۆ نەتەوەکەی خەبات بکات و منیش بەختەوەر بووم لەو خەباتەدا هاوکاری بووم. پاش مردن هەرگیز باش نییە باسی چاکە و خراپەی کەسێک بکەین، چونکە هیچ کەسمان فریشتە نین.

**باس: تۆ تەنیا وەک هاوسەر لەگەڵ قاسملوو ژیای، یان بەیەکەوە خەباتیشتان کرد؟**

**نەسرین قاسملوو:** هەردووکیان. وەک هاوسەر ژیاین و هاوخەباتیش بووین.

**باس: خەباتی ئێوە بۆ سەربەستیی کورد بووە یان خەباتێکی مرۆیی بووە، واتە زیاتر پێبەند بوویت بە خەبات بۆ کورد، یان خەباتێکی ئینتەرناسیۆناڵ؟**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو**: تۆ کاتێک خەبات دەکەی یەکەم جار خەبات بۆ ئەوە دەکەی کە لێتەوە نزیکە، بێگومان هەنگاوی یەکەم خەبات بۆ کوردە، کاتێ قاسملو لە ساڵانی دواتر لە ئەورووپا ناسرا لەبەرئەوە بوو کە کەسێکی دیموکرات بوو، لەو ڕێیەوە مەسەلەی کوردی بەشێوەیەکی نوێ بە دنیا دەناساند، ئەو خەباتکارێکی کورد بوو، بەڵام بۆ ئەوەی تێکۆشانەکەی هێز پەیدا بکات، ئەبووایە بیکاتە تێکۆشانێکی نێونەتەوەیی، بۆیە خەباتی نەتەوەکەی بەستەوە بە خەباتێکی ڕەوا لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا. ئەگەر خەباتی نەتەوایەتی لە چوارچێوەیەکی تەسک و ناوچەییدا بێت، ناتوانی دوور بڕۆیت و بەجیهانی بناسێنیت. تێکۆشانی ئێمە پێش هەموو شتێک بۆ کوردان بووە، کە ئەوە بۆ ئێمە لە هەموو شتێک گرنگتر بووە، بەڵام ئەو تێکۆشانە بتەوێ یان نەتەوێ دەبێت بڕواتە دەرەوەی کوردستان.

**باس**: لە ماوەی ٣٧ ساڵی هاوسەریتان ژیانی سیاسیی د.قاسملوو چ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی خێزانیتان هەبوو، ئەو کاریگەرییە باش بوو یان خراپ؟

**نەسرین قاسملوو**: من لە ژیان لەگەڵ قاسملوودا فێری شتێک بووم، ئەویش ئەوەیە کە بۆ مرۆڤی خەباتگێڕ، یەکەم شت کە گرنگە خەباتەکەیەتی. لە هەلومەرجێکی ناسکدا کە مرۆڤ تێیدەکەوێت ئەوەی بیری لێدەکاتەوە تێکۆشانە نەک خێزان. واتە لەوڕووەوە لەڕاستیدا خێزانەکەی لە پلەی دووەمدا بوو، بەو پێیە ژیانی ئێمە زۆر ئاسایی نەبوو.

**باس**: ئەگەر ئەو پرسیارەی پێشوو پێچەوانە بکەینەوە، ژیانی خێزانیتان کاریگەری بووە لەسەر تێکۆشانی سیاسیی د. قاسملوو واتە ڕێگریی لێ کردووە؟

**نەسرین قاسملوو**: (بەپێکەنینەوە) نا من پێموایە عەبدولڕەحمان شانسی هەبوو، چونکە من دەرکم پێ دەکرد. ژیانی خێزانیمان هەرگیز کاریگەریی نەرێنیی لەسەر خەباتەکەی دانەنا، چونکە من هەمیشە هاوکاری بووم. ئەتوانم بڵێم زۆرتری ژیانی ئێمە وابوو کە بەیەکەوە نەبووین، ئەو بەردەوام لە دەرەوەی ماڵ و بەهۆی کاری سیاسییەوە لە سەفەردا بوو و منیش دەرکم دەکرد، هەرگیز پێی بێزار نەبووم. لە ڕاستیدا خێزان بۆ ئەو هەمیشە پێگەیەکی بەهێز و یارمەتیدەری بوون بۆ خەباتەکەی، کە ئەو دەیتوانی پشتی پێ ببەستێت.

**باس**: دووریی ئەو لێتان، بێجگە لە لایەنی کۆمەڵایەتی کاریگەریی خراپی لەسەر لایەنی سایکۆلۆجیتان نەبوو، ژیانی تۆی دژوار نەکردبوو؟ بەو تەرزی ژیانە ناڕەحەت نەبووی؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو**: دژوار بوو، چونکە منداڵەکان حەزیان دەکرد باوکیان ببینن و منیش مێردەکەمم کەم دەبینی و بۆ هەموو کارەکان تەنیا بووم، بەڵام ئەوەی من بۆ ئەو و بۆ کورد کردم منی ڕەزامەند دەکرد، واتە سەختییەکان نەبوونە هۆی بەدبەختیمان.

**باس**: ئێوە منداڵتان هەبوو، د. قاسملوو توانی هیچ ڕۆڵێکی لە پەروەردەی منداڵەکاندا هەبێت، یاخود ئەو کارەی بۆ ئێوە بەجێ هێشتبوو؟

**نەسرین قاسملوو**: ئەو کاتی زۆر کەم بوو بۆ ئەوە، منداڵی زۆر خۆش دەویستن، بەڵام دەرفەتێکی وەهای نەبوو لەگەڵیان بێت و ئاگای لە پەروەردەی ڕۆژانەیان بێت، بۆیە من پەرەوەردەکردنی منداڵەکانم وەئەستۆ بوو. ئەو کارێکی وەهای کرد کە کورد و حزبی دیموکرات بناسرێن، ئەوەش بایەخی کێشانی ئەو دژوارییانەی ئێمەی هەبوو.

**باس**: قاسملوو دوور لە سیاسەت لە بواری کۆمەڵایەتییەوە چ جۆرە مرۆڤێک بوو؟

**نەسرین قاسملوو**: کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتی بوو، بەئاسانی دۆستی بۆ خۆی دەدۆزیەوە، ڕەفتاری زۆر شیرین بوو، ڕووخۆش بوو. زۆر حەزی لە گاڵتەوگەپ بوو، هەمیشە مەتەڵۆک و داستانی کورت و سەرنجڕاکێشی دەگوتن و خەڵک حەزیان بە دانیشتن و قسەکردن لەگەڵی هەبوو، بە ئاسانی بەرامبەرەکانی لە خۆی ڕازی دەکرد و خەڵکی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا.

**باس**: ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی تۆی لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بەرەو لای خۆی ڕاکێشا؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ. پێموایە، چونکە زۆر گەنج بوو. هەر ئەو کاتەی من ناسیم کەسێکی قسەخۆش و دەم بە پێکەنین بوو، دیارە منیش لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا حەزم لە کەسێکی وابوو.

**باس**: ئەوکات بیرت لەوە نەدەکردەوە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ کەسێکی سیاسی بۆی هەیە بەرەو ڕووی سەختی و ناهەمواریت بکاتەوە، بەتایبەتی بۆ تۆی کچێکی گەنجی ئەوروپایی لەوکاتدا؟

**نەسرین قاسملوو**: ئەو کاتەی هێشتا مرۆڤێکی کامڵ نیت و عاشقیت، بیر لەو شتانە ناکەیتەوە و پێتخۆشە خەبات بکەیت. لە ڕاستیدا چێکۆسلۆڤاکیای ئەو کات خەڵکەکەی سیاسی بوون و ئێمەش گەنج بووین و دەمانویست جیهان بگۆڕین و باشتری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بکەین. منیش حەزم لێبوو دنیا بگۆڕم (بەپێکەنییەوە). هەرگیز بیرم لە ڕۆژانی سەختی دواڕۆژ نەدەکردەوە، کاتێک عاشقیت پێتوایە دەتوانی زاڵ بیت بەسەر هەموو ئەو گرفتانەدا کە دێنە ڕێت. ئەو پرسیارە لە گەورەکان دەکرێت نەک لە گەنجەکان.

**باس:** ئەو ناوە کوردییە (نەسرین) چۆن و کەی بوو بە ناوی تۆ؟

**نەسرین قاسملوو:** ناوی نەسرین داستانی خۆی هەیە، ئەو کاتەی لە بەغدا بەنهێنی دەژیام لەگەڵ منداڵەکانم، بەردەوام لە شوێنێک دەچووین بۆ شوێنێکی تر، بۆ هەر شوێنێکی تازە بچووباین ناوێکی نوێمان لە خۆمان دەنا تا نەناسرێینەوە، جارێکیان کە بەنهێنی لە ماڵێکدا دەژیاین سێ گەنجی تری کوردی لێ بوو، کاتێ دەستمان کرد بەوەی ناوی نوێ لە خۆمان بنێین، یەکیان گوتی با ناوی تۆ (نەسرین) بێت، چونکە نەسرین ناوی گوڵێکی سپییە لە کوێستانەکان. تۆش لە چیا و کوێستانەوە هاتوویت و سپییت، ئەو گەنجە ناوی جەلال تاڵەبانی بوو. نازانم بۆ ئیتر ئەو ناوە هەرچەند ناوی نهێنیی تریشم هەبوو، بەڵام بوو بە ناوی من. ئەوەبوو پێش ئەوەی عەبدولڕەحمان قاسملوو جەلال تاڵەبانی بناسێت، من ئەوم ناسی.

**باس:** پاش تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملوو و هەروەها دکتۆر شەرەفکەندی، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لاواز بوو و ئێستە دوو کەرتە، ئایا پێتوایە ئەوان لەسەر هەمان ڕێبازی د.قاسملوون؟ ئەو کەرتبوونە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێوە هەبووە؟

**نەسرین قاسملوو:** بۆ من زۆر دژوارە، چونکە عەبدولڕەحمان هەموو ژیانی خۆی لەپێناوی ئەوە دانا تا ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ باشترکردنی ژیانی گەلەکەی و بەختەوەریی نەتەوەکەی. پاش ١٩٧٨ کە گەڕایەوە بۆ کوردستان و سکرتێری گشتیی حزبەکەی بوو هەتا کاتی شەهیدبوونی، حزبی دیموکراتی کردە حزبێکی بەهێز و گەورە و ناسراو. ئەوەی کە لەدوای مەرگی ئەو رووی داوە لە من مەپرسن، چونکە ئاگەداری وردەکارییەکان نیم، تەنیا ئەوە دەزانم ئەو ڕووداوانە ڕووداوگەلێکی زۆر زۆر خراپ بوون، ئێستە حزبی دیموکرات بووەتە دوو حزبی دیموکرات.

هەرچەند هەردوو حزبی دیموکرات نوێنەرایەتییان لە دەرەوەی وڵات هەیە، بەڵام هیچ کەسێک ئەوان زۆر بەجدی وەرناگرێ و لای من وایە ئەگەر ئێستە عەبدولڕەحمان زیندوو بووایەتەوە زۆر ناڕەحەت دەبوو، ئێستە کە ئەو نییە من ئەو خەمە دەکێشم. ناتوانم لەوبارەیەوە بدوێم، چونکە هەرلایەنێک لەوان وەها قسەیەک دەکەن کە باش نین. من ئەو لایەنەی کە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەتبوون کۆمەڵێکیان دەناسم، دەبێ بڵێم کە کارێکی زۆر خراپیان کرد، کارێکی خراپیان لە بەرامبەر میللەتەکەی خۆیان کرد. ئێستە هەردووکیان دەڵێن لەسەر ڕێبازی قاسملوون و هەردوولایان ناوی حزبی دیموکراتی کوردستانیان هەیە و سەریشیان لە خەڵک شێواندووە، خەڵک چۆن بزانێت کام لەوان لەسەر هێلی قاسملوویە!، قاسملوو سیمبۆلێکە لە کوردستانی ئێران و هەموو کەس خۆشی دەوێت، لەڕاستیدا ئەوان ڕێبازی قاسملوویان شێواند. ئێستە پێویستە کەسانێک بێن کە لە مەسەلەکە حاڵێن و دووبارە حزب بخەنەوە سەر ڕێگەی خۆی.

**باس**: **پێوەندیی تۆ لەگەڵ هەردوو حزبی دیموکراتی لەیەک جیابووەوە چۆنە؟**

**نەسرین قاسملوو**: من لەگەڵ لادەران هیچ پێوەندییەکم نییە، من لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە بەڕێز مستەفا هیجری سەرۆکیەتی پێوەندیی بەردەوامم هەیە. من دەمەوێت حزبی دیموکرات بەرەو پێش بچێت، حزبی دیموکرات لای من ئەوانەن کە دیانەوێت لەسەر ڕێبازی قاسملوو بڕۆن، بەداخەوە کەسێک نییە ئەو داناییەی قاسملووی هەبێت، بەڵام هەن کە ڕاستگۆن، ئێستە ئەوان ئەگەر کارێکیان بە من بێت، بۆیان ئەنجام دەدەم. دەمەوێ ئەوەش بڵێم کەسانێک لەگەڵ لادەرەکان کەوتوون کە من لێیان تێدەگەم، حزب لاواز بوو، تێکۆشان نەمابوو بەو جۆرەی ئەوان بیریان لێ دەکردەوە، ئەوانیش نیازی خەباتیان هەبوو، ڕابەرەکانیان بەڵێنیان پێدان کە بیانخەنە سەر ڕێگەی خەباتکردن، ئەوان بەدرووشمی خەباتەوە جیا بوونەوە، بەڵام ئەوە شەش حەوت ساڵ تێپەڕی هیچیان نەکردووە. ئێستە من لە ڕابەرانی لادەران زۆر ناڕەحەتم، بەڵام لەو کەسانە نا کە لەگەڵیان ڕۆیشتن.

**باس**: **هەوڵێک لەئارادا بوو بۆ یەکگرتنەوەی حزبی دیموکرات، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە، ئێوە هیچ هەوڵتان لەوبارەیەوە داوە؟**

**نەسرین قاسملوو**: من ئەو کاتەی زانیم کەرتبوونەکە رووی دا، لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە قسەم کرد و وتم کارێکی باشتان نەکردووە و ئیتر لەگەڵ کەسانی تریان قسەم نەکردووە و ناشمەوێ لایەنگیری بنوێنم، هیچ لەو قسانەشم قبووڵ نەبوو کە بۆیان کردم، ئەوان بەهێزن لەبەرامبەر مندا و منیش ئیتر بەساڵا چووم و ئەو هێزەم نییە کە بتوانم هەموو کارێک بکەم، ڕام وایە کوردەکان خۆیان دەبێت تێبگەن و هەوڵ بدەن جارێکی تر حزب وەکو خۆی لێ بکەنەوە.

**باس**: **تۆ لە ڕابردوودا ئەندامی حزبی دیموکرات بوویت یان نا، ئەی لە ئێستەدا؟**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو:** نا من ئێستە ئەندامی هیچ حزبێک نیم، لە رابردوودا هەر تەنیا ساڵێک ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستان بووم، ئەویش لەبەر ئەوەی یەکێک لە ئەندامان داوای ئەندامەتیی لێ دەکردم و وازی لێ نەهێنام تا ماندووی کردم، بۆیە ئیمزام کرد ببمە ئەندام و پاش ساڵێک لێی چوومە دەرەوە. من کەسێک نیم بتوانم لە چوارچێوەی حزبیدا هەڵکەم.

**باس:** پێوەندییەکانی د.قاسملوو .زۆر فراوان بوون، نەک هەر لەگەڵ پارتە کوردییەکان بەڵکوو لەگەڵ زۆر لە پارتەکانی دنیا و بەتایبەت پارتە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپا. ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە د.قاسملوو سیاسییەکی لێهاتوو و کارا بوو یان بۆ ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی ئێران بوو و بە دژی ئێران هاوکارییان دەکرد؟

**نەسرین قاسملوو:** من هەندێ کەسایەتیم دەناسی لە ئەورووپا کە هەرگیز نەیاندەویست لایەنگری جووڵانەوەیەک بن کە لە دژی خومەینی بێت، ئەگەر حزبی دیموکرات و د. قاسملوو لە ئەورووپا جێگەی پەسندکردن بوون ئەوە پێوەندیی بە کەسایەتیی د. قاسملووە هەبوو، کە دیپلۆماتێکی زۆر بەتوانا بوو، کەسێک بوو زانیاریی زۆری هەبوو، د.قاسملوو کەسایەتییەکی خوێندەوار، بەئەزموون و لێهاتوو بوو کە دەیتوانی بەچەند زمان قسان بکات، دەیتوانی بە زمان و فەرهەنگی ئەورووپاییەکان خۆیان لەگەڵیان بدوێت.

**باس:** کارایی و دیپلۆماتبوونی د.قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی خوێندن و ئەوەی لە خوێندن فێری ببوو، یان بۆ توانای تایبەتی خۆی وەک کەسێکی جیدی؟

**نەسرین قاسملوو:** من پێموایە قاسملوو تەلیسمێکی هەبوو کە لەگەڵیدا لەدایک ببوو. هەروەها لەلایەنی پەروەردە و خوێندن ئەو لە خێزانێکدا گەورە ببوو کە ئیمکاناتی زۆریان هەبوو.

**باس:** پێتوایە قاسملوو کەسایەتییەکی کاریزمایی بووبێت، توانایەکی هەبووبێ لە لایەنی کەسایەتی و سیاسی و دیپلۆماتی کە ناکرێ لە کەسانی تردا هەبێت، ئەوەش وای لێکردبێت هەمووان پێی سەرسام بن؟

**نەسرین قاسملوو:** من پێموایە لە دنیادا زۆر کەس هەن کە کاریزماییین، ئەو تاکەکەس نەبووە کە ئەو توانایەی هەبووبێت، بەڵام هەبوونی کاریزما لای کەسێک پێویستی بە زانیاریی فراوانیش هەیە، لە هەمان کاتدا هەبوونی ئامانجێک کە ئەو توانایە کاریزماییەی لەپێناودا بەکار بهێنێت، ئەوانە بەیەکەوە وا ئەکەن بتوانی کەسانی تر بڕوا پێ بێنی، جا ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاستی خوێندەوارییەکەیشی کاریگەریی هەبوو. ئەو لە ئەورووپا بەئاسانی دەیتوانی سۆسیال دیموکراتەکان بەقەناعەت بگەیەنێت و باشتر لەوەش لە کوردستانیش کوردەکان بەباشی قایل بکات. بەداخەوە ئەو کەسانەی خوێندەواریی وەکو ئەویان هەبێت لەنێو کوردان کەمن.

**باس: مام جەلال پێوەندییەکی باشی لەگەڵ د.قاسملوودا هەبوو، ئایا ئەو پێوەندییەی بە خانەوادەکەیەوە بەردەوامە؟**

**نەسرین قاسملوو:** نا، نیەتی.

**باس: بۆچی؟ هۆیەکەی چییە؟ پێتوایە بەهۆی کاریگەریی پێوەندیەکانی ئەوان لەگەڵ ئێرانەوە بێت؟**

**نەسرین قاسملوو:** پرسیاری سەختم لێ دەکەیت. ئەوان سەرەتا پێوەندیی هاوڕێیەتیی دۆستانەیان هەبوو، دواتر پتر پێوەندیی سیاسییان هەبوو وەک لە دۆستایەتی. ئەوانەی دەڵێن هەتا ئاخر پێوەندیی دۆستانەیان هەبوو من پێموایە ئاگەداری ژیانی نەبوون. من لە راستیدا بۆ خۆم هیچ کات هاوڕێیەتیی نێزیکم لەگەڵ نە جەلال تاڵەبانی نە هێرۆخان نەبووە. یەکەم جار کە هێرۆ خانم ناسی لە کوردستان بوو کە فیلم بەرداری دەکرد، کەسێکی سەمپاتیک (خۆشمەشڕەب) هاتە بەرچاوم. ئیتر بۆ لەمەودوا نەمبینیەوە، پێموایە ئەوان سەرقاڵن و لەگەڵ مام جەلال خەریکی سەرۆکایەتین، لەگەڵ ئێرانیش هاتوچۆیان هەیە.

**باس: هیچ کات هێرۆخان پێوەندیی پێوە نەکردوویت؟**

**نەسرین قاسملوو:** نەخێر. جارێکیان پێش ئەوەی ببنە سەرۆکی عێراق مام جەلال هاتە پراگ و پێوەندیم پێوە کردن و داوام لێ کرد یارمەتیی دوو دەرهێنەری چێکی بدات کە دەیانویست لەبارەی (فەناتیزم) و ژیانی فرەئایینی و ئاشتەوایی لە کوردستان فیلمێک بەرهەم بهێنن، لەبەر ئەوەی من خۆم ئەو توانا داراییەم نەبوو، من تێبینیم کردبوو لە کوردستان وەک شوێنەکانی تری دنیا فەناتیزم بوونی نەبوو، لە کوردستان ئیسلام و مەسیحی و ئاینەکانی تر بوونیان هەیە، بەرهەمهێنانی فیلمێک لەسەر ئەوە زۆر کاریگەریی لە ناساندنی کورد بەلایەنی باشیەوە بۆ جیهانی دەرەوە دەبوو، چونکە ئەگەر جیهانی دەرەوە بزانن کە کورد فەناتیک نییە ئەوە بۆ خۆی کۆمەکێکی گەورەیە بۆ کورد. هەموو بەڵێنێکیان دا بەڵام دوایی وا نەبوو.

**باس: ئەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و شەخسی کاک مەسعود بارزانی هیچ پێوەندیتان هەیە، ئەوانتان بینیوە؟**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو:** نەخێر، پێوەندیم نییە. کاک مەسعودم چەند جار بینیوە. کاتی خۆی چەندین جار کاک ئیدریسم بینیبوو و هەروەها مەلا مستەفا بارزانیشم کاتی خۆی بینیبوو کە لە پراگ و لە ئێرانیش میوانی ئێمە بوو، واتە میوانی د.قاسملوو و من بوو.

**باس:** کەی بوو کە مستەفا بارزانی میوانی ئێوە بوو لە پراگ؟

**نەسرین قاسملوو:** لە ساڵی ١٩٥٨ کاتی کە لە ئیمگراسیۆنی شۆڕەوی لەسەر بانگهێشتی عەبدولکەریم قاسم گەڕانەوە بۆ عێراق. ئەو کاتە ئێمە هێشتا لە پراگ بووین، تازە دەستم بە خوێندن کردبووەوە، بەڵام ڕۆیشتین بۆ عێراق، چونکە مەلا مستەفا ئێمەی بانگهێشتی کرد بۆ کوردستانی عێراق.

**باس:** پێوەندیتان هەر ئەوەندە بووە، یان ناتەوێ لەوبارەیەوە چیتر بڵێیت؟

**نەسرین قاسملوو:** من پێموایە بارزانییەکان عەشیرەتێکی گرنگن لە عێراق و ئەم خەباتەی مەلا مستەفاش بەلایانەوە زۆر گرنگ بووە، خەباتی ئەوان هەر لە سەرەتاوە زۆر گرنگ بووە، ئێستەش دیارە کە دنیا گۆڕاوە، من ڕێزی زۆرم هەیە بۆ بارزانییەکان، بەڵام چونکە ئێستە زۆر نێزیک نیم، ناتوانم دەربارەی ئەوان بیروڕایەک دەرببڕم.

**باس:** حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار یەکێتی و پارتی، هەتا ئێستە تۆیان بۆ کوردستان بانگهێشت کردووە؟

**نەسرین قاسملوو:** بانگهێشتیان کردووم هەردوولایەن، بەڵام من نەچووم.

**باس:** بۆچی نەچوویت و بانگهێشتنەکانت قبووڵ نەکردووە؟

**نەسرین قاسملوو:** ئایا ناچارم وەڵام بدەمەوە؟

**باس:** خۆت ئەیزانی، ئەگەر وەڵام بدەیتەوە باشترە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو**: بڕوانە من لەگەڵ هەموو بزووتنەوەکانی کوردستان کەمتاکورتێ نێزیک بووم، بەڵام ئەو ڕووداوەی لە ڤییەننا ڕووی دا منی دڵسارد و بێئومێد کرد، ناتوانم هەستم بەدروستی دەربېڕم و بڵێم کە هەستم چۆنە، ناتوانم خۆم بم و هیچ نەڵێم بەو کەسانەی کە دەتوانم قسەی خۆم بکەم، ئەوانەی تا ئێستە دەتوانم قسەی خۆمیان پێ بڵێم ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانن و بەتوندی قسەی خۆم کردووە و قسەی خراپیشم کردووە، بۆچوونی خۆشمم پێ گوتوون، بەڵام ناتوانم قسەکانی خۆم بە پارتەکانی کوردستانی عێراق بڵێم.

**باس**: واتە قسەی خۆت هەیە بەوانیش بڵێی بەڵام نەتگوتووە؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ.

**باس**: ئەگەر ئێستەش بانگهێشتت بکەن هەر ناڕۆی؟

**نەسرین قاسملوو**: نەخێر ناڕۆم، هەتا کۆتایی تەمەنم ناڕۆم.

**باس**: د.قاسملوو کەسێکی دیپلۆماتکار، جددی و زانا بوو. بەڕای تۆ چۆن بوو وا بەئاسانی کەوتە داوی ئێرانیەکانەوە و سەرەنجام بووە هۆی لەناوچوونی؟

**نەسرین قاسملوو**: ئەوە پرسیارێکە هەموو کەس دەپرسن و وەڵامی کۆتاییشی نییە. ئەو کاتەی ئەوە ڕووی دا ماوەی ١٠ ساڵ دەبوو حزبی دیموکرات ناچار بوو لە دژی سوپای پاسدارانددا شەڕ بکات و خەبات بکات، میللەتی کورد زۆر ماندوو ببوو، ئەوە ڕاستییە، حزب ئەو ئیمکاناتەی پاسدارەکانی نەبوو، پێشمەرگەکانی دیموکرات زۆر بوێرانە بەرگرییان دەکرد، بەڵام ئەو توانایەی خومەینی هەیبوو ئەوان نەیانبوو، قاسملووش مرۆڤێکی شەڕخواز نەبوو. ئەو و ئێرانییەکان زستانی ١٩٨٨ - ١٩٨٩ لە ڤیەننا بەیەکەوە دانیشتن و من نازانم بۆ لەگەڵیان دانیشت، بەڵام دەزانم هەموو هەوڵی ئەوە بوو ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە بدۆزێتەوە تا کۆتایی بە شەڕ بهێنێت. لەکاتێکدا ئەنجامەکان بە هیچ گەیشتن بۆچی ئەو پێشنیاری دووەمی قبووڵ کرد، نازانم تەنانەت هیچ بڵێم، ڕام وایە چونکە تازە خومەینی مردبوو، ڕەفسەنجانیش خۆی بۆ سەرۆکایەتیی وڵات ئامادە دەکرد و لە هەموو شوێنێک واناسرابوو گوایە عاقڵتر لەوانی ترە. عەبدولڕەحمان بە منی گوت ڕەفسەنجانی ئێستە دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کۆتایی بەشەڕ بێنێت و بارودۆخی نێوخۆی وڵات باش بکات. شەڕی نێوان ئێران و عێراق تەواو ببوو، ئێران وێران ببوو و ئاساییە دەبێ ڕەفسەنجانی بیری لە سارێژکردنی برینەکانی شەڕ بکردایەتەوە بۆ پێشکەوتنی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وڵاتەکەی و پێموایە عەبدولڕەحمان پێیوابوو دەتوانێ ئەوان بەقەناعەت بگەیەنێت. کاتێکیش کارەساتەکە روویدا من وتم چۆن بوو کەسێک بەم دیدە سیاسییە و پێشینە و ئەزموونەوە وای کرد؟! بەڵام وەڵامی نەبوو و پێموایە نایشیبێت.

**باس:** بەر لە تیرۆرکردنی لە ڤیەننا ئەو لەبارەی وتووێژەکانی لەگەڵ ئێرانییەکان هیچی بە تۆ گوت؟

**نەسرین قاسملوو:** بە منی گوت کە بۆ جاری دووەم لە زستاندا دەیەوێت بڕوات لەگەڵیان دابنیشێت و منیش بە عەقڵێکی دێهاتیانە پێمگوت بیرت نەچێت کە کاتی خۆی باوکت چی پێ گوتی، ئامۆژگاریی باوکیم وەبیر هێنایەوە و پێم گوت بیرت نەماوە چیان بە سمکۆی شکاک کرد؟. ئەو گوتی من بە ئێرانییەکانم گوتووە من سمکۆ نیم. بەکورتی لەسەر ئەوە من و ئەو شەڕێکی سیاسیمان بوو، چونکە من ئەو رۆیشتنەییم بە خراپ دەزانی. لە دڵی خۆمدا دەمگوت من کە سیاسی نیم و ناتوانم کارێک بکەم. کە بەداخەوە ئاکامەکەی ئەوە بوو. (لێرەدا خاتوو نەسرین خەمناک و چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو)

**باس:** کێ لە پشت پێکهێنانی دیالۆگی نێوان ئێران و د.قاسملوو بوو واتە لایەنی سێیەم لەو وتووێژانە کێ بوو؟ پارتە کوردییەکان یان ئەوروپاییەکان یان هەر لایەنێک و کەسێکی تر؟

**نەسرین قاسملوو:** تا بەڵگەم نەبێت ناتوانم بە دروستی قسە بکەم، تەنیا بۆچوونی خۆم و ئەوەی دیومە دەتوانم بڵێم، لە قۆناخی یەکەم جەلال تاڵەبانی بوو، گفتوگۆی کاتی زستان ئەو رێکی خست، پێشمەرگەکانی خۆی لەوێ دانا و خۆیشی لەوێ ئامادە بوو، لەو دانیشتنەدا هیچ شتێک رووی نەدا، بەڵام دواتر بیستم ئێرانییەکان وتبوویان "تاڵەبانیمان ناوێ چونکە (ببورن ئەوە قسەی ئەوانە) ناڕاستگۆیە و گفتوگۆی ئێمە نهێنییە و ئەو لەملاولا رای دەگەیەنێت". نێوانگیریی دووەم بەڕێز فازڵ رەسووڵ بوو، من لەوەیان تێنەگەیشتم، فازڵ رەسوڵ دۆستانێکی لە دەوڵەتی ئێراندا هەبوون، خۆیشی پیاوێکی ئیسلامی بوو، تەنیا ئەوەی من لێی تێگەیشتم ناچار بوون ئەویش بکوژن بۆ ئەوەی شایەتحاڵێک نەمێنێت. بەڵام چۆن بوو ئەو وەک میانگیر پەسند کرابوو لەلایەن د.قاسملووە، ئەوە من لێی تێنەگەیشتم.

**باس:** د.قاسملوو دۆستانێکی لە ئەورووپا هەبوون یەکێکیان د.فریدریک تیسۆ کە ئێستە کۆنسولی فەرەنسایە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بێرنارد کۆشنەر و ئەوانی تر. ئەوان لە ئێستەدا پێوەندییان لەگەڵ بنەماڵەی قاسملوودا ماوە؟

**نەسرین قاسملوو:** ئێمە هیچ پێوەندییەکی تایبەتیمان لەگەڵ ئەواندا نییە و فریدریک تیسۆ مرۆڤێکی باش و زۆر کاری بۆ کوردستانی ئێران کرد، کە من بەڕاستی ستایشی دەکەم. تەنیا کەسێک کە لەگەڵ ئێمە پێوەندیی خۆی نەپچڕاندووە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

د.بێرنارد گرانژۆنە. ئەوان زۆربەیان دکتۆر و پەرستار بوون کە بۆ داوودەرمان دەڕۆیشتن بۆ کوردستان و شتێکی وەها نەبووە لە نێوانمان کە پێوەندییەکانمان رابگرێت.

**باس**: د. فرێدریک تیسۆ وەکو پزیشکێک لەگەڵ د.قاسملوو بوو یان وەکو سیاسەتوانێک؟

**نەسرین قاسملوو**: سەرەتا وەکو پزیشکێک هات بۆ کوردستان، بەڵام دواتر لەگەڵ قاسملوو بوونە هاوڕێی نزیک و پێوەندییەکی بەهێز لەنێواندا پەیدا بوو، لەیەکتر بەباشی تێدەگەیشتن.

**باس**: چ بۆچوونێک یان پێشبینیەکت هەیە لەبارەی ئایندەی کوردستانی ئێران و حزبی دیموکرات؟

**نەسرین قاسملوو**: ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و فارسەکان ٣٧٪ خەڵکی ئێران پێکدێنن، ئەو نەتەوانە لەڕاستیدا هەموویان مەینەت و ئازار دەکێشن. ئۆمێدەوار بووم بە خەباتی کوردەکان و حزبی دیموکرات و پارتەکانی تری ئێران کە لە کوردستان تێدەکۆشان، بەشێکی زۆری خەڵکی ئێران بەرەو لای خۆیان راکێشن، کە تەنانەت ئەوسا فارسەکانیش بەرەو لای حزبی دیموکرات دەهاتن. من ئۆمێدەوار بووم هێزێک پەیدا ببێت کە ئێران بە ئاراستەی دیموکراسیزم ببات و ئەو خەباتە ئەنجامی هەبێ. بەداخەوە سەرەنجامەکان نادیارن.

**باس**: کەسانێک گوتوویانە تۆ بە دژی د.قاسملوو قسەی خراپت کردووە، ئەم قسانە لە کوێوە هاتوون، ئایا هیچ بنەمایەکیان هەیە؟

**نەسرین قاسملوو**: خزمێکمان لە ئێرانەوە تەلەفوونی بۆ کردم، بەگریانەوە دەیگوت کە گوایە من قسەی خراپم بە دژی د.قاسملوو کردووە، بەر لە هەموو شتێک درۆیە، بەڵام من پێش ئەوەش دەمزانی کەسانێک هەن دەیانەوێ قسەکانی من بگۆڕن وای پیشاندەن کە دژی قاسملوون، من نازانم لەوەدا مەبەستیان چییە. بڕوانە لە نێوان هەموو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا کەسانێک هەن کە دەیانەوێ لەم جۆرە کارانە بۆ بچووککردنەوەی یەکێکی تر بکەن و مێژووەکەی بشێوێنن، ئەوە بۆ من گرنگ نییە، بەڵام تا ئەو جێیەی دەتوانم دەمەوێ پێشیان پێ بگرم.

**باس**: ئایا ئەوە تەنیا قسە بوو یان بە نووسینش ئەو شتانەیان لەبارەی تۆ بڵاو کردووەتەوە؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو:** بیستوومە لەئینتەرنێتیشدا وەها شتگەلێکیان نووسیوە، بەڵام من نەمخوێندوونەتەوە و ناشمەوێت بیانخوێنمەوە.

**باس:** بەهۆی لاوازبوونی حزبی دیموکرات و پارتەکانی تری کوردستانی ئێران، پژاک ئێستە بوونی هەیە رای ئێوە لەوبارەیەوە چییە؟

**نەسرین قاسملوو:** پێش هەموو شتێک پژاک رێکخراوێکی سەربەخۆ نییە، نەک تەنیا سەربەخۆ نییە بەوەی لەژێر دەسەڵاتی پارتێکی ئێرانیدا بێ، بەڵکوو لەژێر دەسەڵاتی پەکەکەیە و مێژوویەکی خوێناوییان هەیە. من ناتوانم شتێکی باش لەبارەیانەوە بڵێم، چونکە پێموایە هەر رێکخراوێک نۆکەری بۆ رێکخراوێکی تر بکات لای من جێی رێز نییە.

**باس:** ئێوە دوو کچتان هەیە، کچەکانی تۆ و قاسملوو هەتا چەند پێوەندییان لەگەڵ حزبی دیموکرات هەیە؟ ئایا ئەندامن تیایدا؟

**نەسرین قاسملوو:** بەرێزەوە دەڕواننە حزبی دیموکرات، بەڵام ئەندام یان سیاسی نین تیایدا. کاتێک کچە گەورەکەم سیانزە ساڵی بوو لێم پرسی کە گەورە بوویت دەتەوێ چ ئیشێک بکەی و ببی بە چی، وتی نازانم بەڵام دەزانم نامەوێ ببمە سیاسی چونکە ئێوە بەردەوام کار دەکەن و من نامەوێ وا بم.

**باس:** ئەوان بە مەیلی خۆیان ئەو هەڵوێستەیان وەرگرتووە؟ ئێوە کاریگەریتان نەبووە لەوەی لە سیاسەت و لە حزبی دیموکرات دووریان بخەنەوە؟

**نەسرین قاسملوو:** من کارێکم نەکردووە بۆ ئەوەی دوورەپەرێز بن، بەڵام کارم بۆ ئەوەش نەکردووە کە ببنە سیاسی. ئەوە خۆیانن کە دەبووایە بریاری لێ بدەن. من هەوڵم داوە کاریگەریم لەسەر ئەو لایەنەی ژیانیان نەبێت کە پێوەندیی بە سیاسەت و ئاین و جۆری کاریانەوە هەیە. بریار لای خۆیانە. بۆ نموونە ئێمە کەسانێکی ئاینی نەبووین، بەڵام مافی ئەوەم نییە کە ئەوان ئەگەر بیانویستایە ئاینی بن رێگەیان لێ بگرم، ئەوە پێوەندیی بە بریاری خۆیانەوە هەیە.

**باس:** کچەکانتان ئێستە خەریکی چین؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو**: گەورەکەیان تەمەنی چووەتە سەر و خانەنشین بووە و دووەمیشیان خوێندنی دانیشگەی تەواو کردووە و لە قۆناخی خانەنشینبووندایە. ئیتر درەنگە بۆی کە ببێتە سیاسی (بە پێکەنینەوە).

**باس**: "ئەورووپییەک لە سەرزەمینی کوردان" ناوی کتێبێکە کە تۆ بە فەرەنسی نووسیوتە، ئەو کتێبە باسی چی دەکات؟

**نەسرین قاسملوو**: زۆر کەس دەهاتن داوایان دەکرد کە شتێک لەسەر سەرنوشتی خۆم و قاسملوو و لەبارەی جولانەوەی کورد و ئێران و شتی تری لەو بابەتە بنووسم، من چونکە نووسەر نیم، ماوەیەکی زۆر ئاگام لەوە نەبوو کە شتێکی ئاوا پێویستە، بەڵام بینیم کە لەبارەی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو کتێبگەلێک دەنووسرێن یان دەیکەنە فریشتە یان خراپی لەبارەوە دەڵێن. نووسین دەربارەی سیاسەتەکانی پارتەکانی ئێران و کوردستان و شتی لەو بابەتە کاری من نییە و کەسانی تر ئەو کارە دەکەن و کردوویانە، بەڵام پێموابوو پێویستە خەڵک بزانن د.قاسملوو مرۆڤێک بووە وەکو من و ئێوە، بەو تایبەتمەندییەی کە خوێندەواری و کەسایەتییەکەی وای لێکرد ببێتە سکرتێری گشتیی حزبی دیموکرات. ئەم کتێبەی نووسیومە بیۆگرافی نییە، واتە کورتە ژیاننامەی من نییە. لە ناسینی خۆمەوە لەگەڵ عەبدولڕەحمان دەستم پێکردووە هەتا گەیشتووم بە کارەساتی ڤیەننا، ئەو تاوانەی کە دەوڵەتی ئێران کردی. لەوێ باسی ئەو کارانەم کردووە کە کردوومانن و ئەوانەی نەمانکردوون، دەربارەی هاوکارانمان، خۆمان، منداڵەکانمان. هەوڵم داوە تابلۆیەک بێت لە ژیانمان بۆ خوێنەران.

**باس**: کەواتە ئەو کتێبە پتر یاداشتە نەک مێژووی کارە سیاسییەکانی د.قاسملوو و حزبی دیموکرات، وایە؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ بیرەوەرییە. یەکێک لە هاوڕێیانمان خەریکە وەریدەگێڕێتە سەر زمانی فارسی و بڕیار وایە بکرێتە کوردیش.

**باس**: دۆسیەی تیرۆری د.قاسملوو لە ڤیەننا بە کوێ گەیشت؟

**نەسرین قاسملوو**: باسی ئەوەش لە کتێبەکەمدا هەیە و باسی کراوە کە چۆن دەوڵەتی نەمسا ڕاپۆرتەکەی ون کردووە و دوو کەس لە قاتڵان لەلایەن پۆلیسەوە بۆ ئێران نێردراونەتەوە. بێجگە لەوەش کە ئێران و عێراق لەشەڕدا بوون، نەمسا دەوڵەتێکی نیوترال (بێلایەن) بوو، مافی ئەوەی نەبوو چەک بفرۆشێت، بەڵام چەکی بەهەردوولایان دەفرۆشت، ئەوەبوو ئێران زۆر فشاری خستە سەر دەوڵەتی نەمسا، ئەویش چووە ژێر بارییەوە، پاش ساڵێک کە زانیم دەوڵەتی نەمسا هاوکاری ناکات، شکاتم کرد بە دژی ئەو دەوڵەتە، بەڵام پاش دوو ساڵ دادگەی بەدواداچوونەوە سکاڵاکەمی ڕەت کردەوە، بەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بیانووەی بەڵگەی تەواو لەبەردەستدا نییە، کاری من لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ئەوە بووە دونیا ئاگەدار بکەمەوە کە لە نەمسا چی رووی داوە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی دادگە وەڵامی نەرێنیی بە من دایەوە، تیرۆری د.شەرەفکەندی هاتە پێش. جێگرەوەی دکتۆر شەرەفکەندی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە بوو، من ئەوم لەو دۆسیەیە ئاگەدار کردەوە و پێمگوتن دەتوانین شکاتەکەمان ببەینە دادگەی نێودەوڵەتی، بەڵام ناوبراو وتی جاری سەرقاڵی دۆسیەی تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندین، د.قاسملوو ئیتر تەواو بوو. من بەتەنیا دەمتوانی برۆم بۆ دادگەی نێودەوڵەتی و چووشم، بەڵام پێویستیم بە بڕێکی زۆری توانای دارایی هەبوو، منیش ئەو توانا داراییەم نەبوو. تا ئەو کاتە لە ڤیەننا حزبی دیموکرات ئەو لایەنەی گرتبووە ئەستۆ، ئیتر کاری ئێمە لەوێدا کۆتایی هات.

**باس:** دوا وتەت دەربارەی د.قاسملوو چییە وەکو هاوسەری ئەو؟

**نەسرین قاسملوو:** پێمخۆشبوو پێی بڵێم زۆر خراپی کرد وا زوو لە دنیا رۆیشت، ئەگەر بمایە زۆر کار مابوو باشتر لە کەسانی تر ئەنجامی بدات.

## پرۆفایل:

هێلێن کرۆلیخ (نەسرین قاسملوو) هاوسەری د. عەبدولرەحمانی قاسملوو و بە رەگەز چیکییە و لە ساڵی ١٩٣٣ لە پراگ لەدایک بووە.

١٩٦٣ لە پراگ خوێندنی فەلسەفە و زمانی تەواو کردووە و بڕوانامەی ماستەری تێدا بەدەست هێناوە.

لە ئەوروپا و ئێران و عێراق و کوردستان ژیاوە. لە ساڵی ١٩٧٦ تا ئێستە لە پاریس دەژی.

سەرچاوە: ماڵپەری باس - رێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هەڤپەیڤینی دلبخوین دارا لە گەڵ بەرێز خاتوو نەسرین قاسملوو

**نەسرین ژنی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو: پێش ئەوەی قاسملوو بچێتە ڤیەننا پێمگوت باوکت پێی گوتبووی کە عەجەمێکت بینی یان ڕابکە یان بیکوژە.**

**هەڤپەیڤین: دلبخوین دارا**

رۆژی ١٣ی مانگی حەوتی ١٩٨٩ کورد یەکێک لە گەورەترین ڕێبەر و کەسایەتی‌یەکانی خۆی کە ئەویش د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو لە دەستدا و ئەوەش زیانێکی گەورەی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی گەیاند. قاسملوو لەو ڕۆژەدا لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا لە کاتی چاو پێکەوتنی لە گەڵ شاندێکی حکومەتی ئێران، لە ئەنجامی هێرشێکی چەکداری پاسدارەکانی ئێران، لە گەڵ هاوڕێی خۆی عەبدوڵڵا قادری ئازەر و کوردێکی باشووری کوردستان د. فازل ڕەسووڵ گیانی لە دەستدا.

نەسرین خانمی هاوسەری د. قاسملوو لەو هەڤپەیڤینە دا باسی هەندێک بەشی شاراوەی ژیانی قاسملوو، ژیانی خێزانی، عەشق و خۆشەویستی، باوکایەتییەکەی و گەلێک لایەنی دیکە دەکات.

**دلبخوین دارا:** ئێمە وتووێژەکەمان بە زمانی کوردی ئەنجام دا:

**تۆ خەڵکی چیکی و کورد نیت، بەڵام بە کوردییەکی باش قسە دەکەیت، قەت پێویست ناکات لە نێوان من و تۆدا وەرگێر هەبێ. دەمهەوێ بزانم ئەو کاتەی د. قاسملوو چووە ڤیەننا بۆ چاوپێکەوتنەکە ئاگات لێ بوو کە ئەو دەچێ لەگەڵ بەرپرسانی ئێراندا دادەنیشێ؟**

**نەسرین قاسملوو:** ڕۆژێک بەر لەوەی بچێت منی ئاگادار کردەوە. زۆر نارەحەت بووم. شەش مانگ بەر لەوەش چاوپێکەوتن لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسانی ئێراندا دەستی پێکرد بوو، بەڵام پێشتر ئاگاداری ئەو چاوپێکەوتنانە بووم. کاتێک بۆم دەرکەوت کە ئەو بۆ ئەو چاوپێکەوتنانە دەچێتە ڤیەننا نارەحەت بووم. پێمگووت، با ئەوەت لەبیر بێ کە تۆ بە منت دەگوت کە باوکت پێیگوتووی "ئەگەر عەجەمێکت دی یا ڕابکە یانیش بیکوژە"، پاشان باسی سمکۆمان کرد،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سمکۆی ناودار ...

**دلبخوین دارا**: سمکۆی ئاغای شکاک ...؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ ئەویش لە کاتی چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی ئێراندا تیرۆر کرا بوو. عەبدولڕەحمان پێکەنی و گوتی، ئێستا ئەو دەمە نییە و زەمان گۆڕاوە. شتی وەها ڕوو نادات ... من زۆر دەمویست بڕوا بکەم، بەڵام لە بەخت ڕەشیەوە دواتر زۆر خراپ بوو.

**دلبخوین دارا**: تۆ کەی و چۆن هەواڵی شەهید بوونی دکتۆرت بیست؟

**نەسرین قاسملوو**: ئەوە بە مێژووی زایینی دەڵێم، چونکە مێژووی ئێرانم باش بەبیر نایێتەوە. تیرۆرەکە لە ئێوارەی ڕۆژی ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ و لە نێوان کاتژمێر ٠٠ : ١٩ بۆ ٣٠ : ١٩ ڕوویداوە. من ئاگام لێ نەبوو. کاتژمێر ٥ی سەر لەبەیانی کاک خەسرەو لە نووسینگەی پاریسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تەلەفۆنی بۆ کردم و هەواڵی پێدام. من بڕوام نەکرد. گوتم لەوانەیە گاڵتە بکات، نەمدەویست بڕوا بکەم. پاشان خۆم چوومە نووسینگە و لەوێ بە دیار کەوت کە ڕاستە.

**دلبخوین دارا**: نەسرین خان، ئەو کاتەی دکتۆر چووە ڤیەننا بۆ ئەو گفتوگۆیانە، هیچ پەیوەندییەکی بە تەلەفۆن بە تۆوە نەکرد؟

**نەسرین قاسملوو**: نەخێر. زۆرجاران لە هەلومەرجی وەهادا تەلەفۆنی بۆ من دەکرد، بەڵام ئەو جارەیان نەیکرد. خۆیشی تازە ڕۆیشت بوو. ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە چوو بوو، ڕۆژی چوار شەممە چاوپێکەوتنەکەیان ئەنجام دابوو و ڕۆژی پێنجشەممەش تەواو ببوو.

**دلبخوین دارا**: شەهید بوو؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ شەهید بوو.

**دلبخوین دارا**: ئەو دەمەی کە شەهید بوونی دکتۆر قاسملووت زانی چیت کرد؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو**: (هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ) چوومە ڤیەننا و کارمان بۆ ئەوە کرد تاکو تەرمەکەی عەبدولڕەحمان و عەبدوڵلا بێنینەوە پاریس.

**دلبخوین دارا**: دوای تێپەر بوونی ئەوەندە ساڵە بە سەر شەهید بوونی د. قاسملوو دا ڕەوشی کورد چۆن دەبینی؟

**نەسرین قاسملوو**: من لە دەستپێکدا لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووم. لە ڕێگای عەبدولرەحمانەوە کارم دەکرد. پاش ڕووخانی شای ئێران و هاتنی خومەینی، ڕەوشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر باش بوو. لە ماوەی چەند مانگدا ژمارەی ئەندامانی حیزبەکە بە دەیان هەزار زیاد بوو. من پێموایە کە ئەوەش لە ئەنجامی خەباتی عەبدولڕەحمان بەدیهاتبوو. تۆ دەزانێ کاتێک کە مرۆڤ خەبات بکات، هەندێ جار سەردەکەوێ و هەندێ جاریش سەرناکەوێ. ئێستا من ناتوانم بڵێم ڕەوشی کوردستانی ئێران چۆنە، لەوێ نیم، بەڵام هەواڵم لە حیزبی دێموکراتەوە پێدەگەن. لە هەر تەڤەرێکدا دووبەرەکی دەردەکەوێ، ئەوە شتێکی ئاساییە. لە ناو مرۆڤەکانیشدا شتی وەها ڕوو دەدات.

**دلبخوین دارا**: لە ناو خێزانیشدا ڕوو دەدات؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ لە ناو ماڵدا، لە ناو دەوڵەتدا، لە ناو حیزبدا. ئێستا نازانم لەبەرچی لە نێوان ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات دا دووبەرەکی هەیە. مێژووی حیزبی دێموکرات زۆر بەرزە، ئێستا زۆر گرنگە کە ئەوان لە پێناو بەرژەوەندی گەلی کورد پێکەوە بن. یەکێتی کورد زۆر پێویستە. حەزم لێیە کە زۆر لە یەکتر دوور نەکەونەوە، بتوانن لە یەک نزیک بکەونەوە یەکگرتوو بن، من نازانم هۆکاری دووبەرەکی ئەوان چییە هیوادارم ئەو کێشەیە لە ڕێگای دیمۆکراتیکەوە چارەسەر بکەن. خەڵک لە من دەپرسێ تۆ لایەنگری کام لای، مافی من نییە لایەنگری لە هیچ لایەک بکەم، لەبەر ئەوەی هۆکاری ئەو دووبەرەکییانە نازانم، پاشان من ژنی د. قاسملووم و کەسایەتی قاسملوو بۆ من زۆر گرنگە، نامەوێ سبەی بە من بڵێن، لایەنگری لەو لایەنە یا لەو لایەنەی دیکە دەکات.

**دلبخوین دارا**: د. عەبدولڕەحمان قاسملوو وەک سیاسەتڤان ناسراوە. دەمەوێ چەند پرسیاری تایبەت لە سەر قاسملوو دوور لە سیاسەت بکەم. تۆ خۆت خەڵکی چیکی، ناوت هێلینە، بەڵام تۆ وەک نەسرین قاسملوو دەناسرییت، کێ ئەو ناوەی لە تۆ نا، بۆچی نەسرین؟

**نەسرین قاسملوو**: (پێدەکەنێ) ئەو ناوە مێژووی خۆی هەیە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**دلبخوین دارا**: مێژووی ئەو ناوە چییە؟

**نەسرین قاسملوو**: ئێمە لە ئێران نهێنی بووین و بە شێوەیەکی نهێنی دەژیاین. سەردەمی شا بوو، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دژی شا شەڕی دەکرد. ئێمەش زۆرجاران ماڵی خۆمان دەگۆڕی. دەچووینە هەر شوێنێکی نوێ پێویست بوو ناوی خۆم بگۆڕم. پاشان چووینە بەغدا، لەوێش هەر نهێنی بووین. لەوێ ڕەوش وەک تاران بوو، پێویست بوو خۆمان بپارێزین، منداڵم لەگەڵ بوون. نزیکەی هەشت نۆ مانگ بوو لە بەغدا بووین، چووینە ماڵێک، کە سێ پیاوی گەنج لەو ماڵە بوون. ناچار بووم لە گەڵ منداڵەکان لەوێ بمێنمەوە. ئێمە دانیشتین، بۆ ئەوەی ناوێکی تازە بۆ من پەیدا بکەن. هەر یەک ناوێکی پێشنیار کرد. پاشان یەکێک لەو سێ کەسە گووتی "نەسرین: نەسرین گوڵێکی کوێستانییە، سپییە، نازانم چییە ... ئیدی ناوم بووە نەسرین. جەلال تاڵەبانی ناوی نەسرینی لێنام.

**دلبخوین دارا**: ئەو کەسە کێ بوو کە ئەو ناوەی بۆ پێشنیار کردی؟

**نەسرین قاسملوو**: جەلال تاڵەبانی بوو. ئەوکاتە ئەویش ناچار بوو خۆی لەو ماڵە دا بشارێتەوە. ئەو ناوە هەر مایەوە، ئیتر نازانم بۆچی.

**دلبخوین دارا**: د. قاسملوو بە نەسرین بانگی دەکردی یا بە هێلین؟

**نەسرین قاسملوو**: هەم نەسرینی دەگووت و هەمیش هێلین.

**دلبخوین دارا**: کەی دکتۆرت ناسی؟

**نەسرین قاسملوو**: ساڵی ١٩٥١ بوو، واتە ١٣٢٩ بە پێی ساڵنامەی ئێرانی. لە ئاهەنگێکی زانکۆ دا یەکترمان ناسی. من ئەو کاتە خوێندکاری زانکۆ بووم، ئەو دەمە تەمەنم ١٧ ساڵ بوو، ئەویش ٢٠ ساڵ بوو.

**دلبخوین دارا**: چ لە د. قاسملوو دا سرنجی تۆی ڕاکێسا، چ تایبەتمەندییەکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو بەلای تۆوە ئەو کاتەی لە پراگ پێکەوە بوون؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو**: (بە پێکەنینەوە) د. قاسملوو، عەبدولڕەحمان مرۆڤێکی زۆر دڵشاد بوو. ئەو هەڵبەستانەی کە ئەو بۆ منی دەگووتن بۆ من زۆر سەرنجراکێش بوون.

**دلبخوین دارا**: هەڵبەسیشی دەگووت؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ. ئەو هەڵبەستە ئێرانیانەی کە وەری دەگێڕاندنە چیکی. چۆن بڵێم، زۆر حەزم لێدەکردن، زۆر خۆش بوون. قاسملوو مرۆڤێکی قسە خۆش بوو، بەژن و باڵای زۆر جوان بوو.

**دلبخوین دارا**: ئەو داوای زەواجی لێ کردی یا تۆ داوات لەو کرد؟

**نەسرین قاسملوو**: ئەو سەردەمە سەردەمی ژنان نەبوو. من جەسارەتم نەدەکرد داوای زەواج بکەم، ئەو داوای کرد.

لەوە نەدەترسای لە گەڵ مرۆڤێکی بیانیا پەیوەندی هاوسەرێتی ببەستی؟

**نەسرین قاسملوو**: نەخێر.

**دلبخوین دارا**: یەکسەر داواکەیت بۆ زەواج قەبووڵ کرد؟

**نەسرین قاسملوو**: چ بڵێم، بەر لەوەی ئەو بیەوێت من ببمە ژنی، ڕەوشەکەی بۆ من شرۆڤە کرد، ڕەوشی ئێران، ڕەوشی ژنان، گووتی کە ئەو سیاسەتڤانە، شەڕ دەکات، هەموو شتێکی پێگوتم. پاشان داوای زەواجی کرد. منیش گوتم: باشە (پێدەکەنێ).

**دلبخوین دارا**: نەتگوت کە با بیری لێ بکەمەوە پاشان وەڵامت دەدەمەوە؟

**نەسرین قاسملوو**: نە من پێشتر بیرم لێکرد بۆوە.

**دلبخوین دارا**: خێزانەکەت دژی ئەو بڕیارەی تۆ نەبوون؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو**: من باوک و دایکم نەبوو. کاتێک کە تەمەنم ٦ ساڵان بوو دایکم کوژرا بوو، من لە لای خزمەکانم گەورە بووم، ئەوان بە منیان دەگوت ئەوە نەکە.

**دلبخوین دارا**: ئەوان ڕازی نەبوون؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ، بەڵام دەیانویست ئێمە باشتر یەک بناسین و عەشق و خۆشەویستی لە نێوان ئێمە دا هەبێت.

**دلبخوین دارا**: هەر ئەو کاتیش کوردت ناسی؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ، ئەو کات لە ڕێی د. قاسملووە کوردم ناسی. ئەو کاتەی د. قاسملووم ناسی، زانیم کوردستان هەیە، بەڵام با لە بیرت نەچێ کە لە ساڵی ١٩٥١ دا، واتە ٦ ساڵ پاش شەڕی دووەمی جیهانی، ئەو کاتە لە ئەورووپا و لە چیکوسلۆڤاکیا، ژیان ئاسان نەبوو، ئێمە لاوانی ئەو سەردەمە زۆر شۆڕشگێڕ بووین.

**دلبخوین دارا**: ئێوە شۆڕشگێڕ بوون؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ شۆڕشگێڕ بووین. بۆ من ئەو شۆڕشگێڕییە لە پراگ بوایە یان لە کوردستان، وەک یەک بوو.

**دلبخوین دارا**: فەرقی نەدەکرد؟

**نەسرین قاسملوو**: لە پراگ فەرقی نەدەکرد، بەڵام کاتێک من چوومە کوردستان دیم کە زۆر جیاوازە.

**دلبخوین دارا**: نێوانت لە گەڵ سیاسەت هەبوو؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ من سیاسەتڤانێکی چالاک بووم. من ئەندامی تەڤگەری لاوانی چیک بووم. د. قاسملووش پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی بوو و ڕاوێژی لە گەڵ من نەدەکرد و ڕای منی وەر نەدەگرت

**دلبخوین دارا**: لە پرسی سیاسی دا د. قاسملوو قەت لە گەڵ تۆدا ڕاوێژی دەکرد، ڕای تۆی وەر دەگرت؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو**: نەخێر، ڕاوێژی لەگەڵ من نەدەکردو، ڕای منی وەر نەدەگرت. دەتوانم بڵێم، د. قاسملوو لەو بوارەدا پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی بوو. بەڵام زۆرجاریش داوای هاوکاری دەکرد. لە سەرەتا دا من سکرتێری ئەو بووم، هاوکاری ئەوم دەکرد.

**دلبخوین دارا**: تۆ خۆت نەتدەویست لە ناو سیاسەت دا بە شێوەیەکی چالاک جێ بگریت؟

**نەسرین قاسملوو**: لە ئێران؟

**دلبخوین دارا**: لە ئێران، لە ئەوروپا ... لە ناو سیاسەتی کورد دا؟

**نەسرین قاسملوو**: کاتێک چوومە ئێران دەمویست بۆ کوردو کوردستان خەبات بکەم، بۆ من ناخۆش بوو کە هەر لە ماڵ دانیشم و عەبدولڕەحمان بچێتە دەرەوە و کاری سیاسی بکات. عەبدولڕەحمان لە ماڵیش هەر کاری هەبوو، لە ماڵیش سیاسەتی دەکرد.

**دلبخوین دارا**: کاتێک لە چیک نەمان، چوونە ئەوروپا یان کوردستان؟

**نەسرین قاسملوو**: لە ساڵی ١٩٥٣ چووینە تاران.

**دلبخوین دارا**: تۆ حەزت دەکرد چیک بە جێ بێڵی؟

**نەسرین قاسملوو**: بەڵێ.

**دلبخوین دارا**: جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئێران و چیکدا هەیە. ئەوە بۆ تۆ زەحمەت نەبوو؟

**نەسرین قاسملوو**: من ژنی عەبدولڕەحمان بووم، بۆ من زۆر خۆش بوو کە لەگەڵ ئەودا بم. لە چیک خێزانم نەبوو.

**دلبخوین دارا**: بەڵام زمانیشت نەدەزانی، کوردی، فارسی؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**نەسرین قاسملوو**: من لەو بوارەدا بڕوام بە خۆم هەبوو، زوو فێری فارسی بووم. کاتێک چووینە تاران، عەبدولڕەحمان زوو چوو، جاری یەکەم پاش دوو هەفتە کە لە تاران بووین عەبدولڕەحمان بۆ ماوەی شەش هەفتە ڕۆیشت. منیش لەگەڵ کوڕێکی فارس بووم لە باشووری تاران. فارسییەکەم باش نەبوو،
ئەو منی فێری فارسی کرد.

**دلبخوین دارا**: تۆ گوتت د. قاسملوو پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی بوو، تۆش چیکی، دوو کولتوری لە یەکتر جیاواز، قەت ڕۆژێک بیرت نەکردەوە و هەوڵت نەدا کە ڕێ لە خەباتی سیاسی د. قاسملوو بگری، بۆ ئەوەی لە ماڵ بمێنێتەوە، هەر دەم لە گەڵ تۆ بێ؟

**نەسرین قاسملوو**: نەخێر. لە سەرەتا دا ئێمە بڕیارماندا کە کوردو کوردستان لە ماڵی ئێمە لە هەر شتێک گرنگتر بێت. ئەگەر بمویستایە ئاستەنگی بۆ دروست بکەم ئەوە من دەمزانی کە د. قاسملوو قبووڵ ناکات. بۆ خۆشم ئەو کاتەی چوومە ئێران، بینیم میللەت هەژارە، ڕەوشیان خراپە، لەو کاتەدا یەک چرکەش من بیرم لەوە نەکردەوە کە دکتۆر لە ماڵ بمێنێتەوە و تەنیا لەگەڵ مندا بێت. بە پێچەوانەوە، هەر دەم ئەوە مایەی شانازی من بوو کە پیاوەکەم بۆ میللەتەکەی خۆی خەبات دەکات.

**دلبخوین دارا**: بەر لەوەی ئێمە دەست بەم هەڤپەیڤینە بکەین تۆ گوتت کوردی‌یەکەم باش نییە؟

**نەسرین قاسملوو**: دەبینی کوردیم باش نییە ...

**دلبخوین دارا**: نا کوردی‌یەکەت زۆر باشە، چۆن فێری کوردی بووی؟

**نەسرین قاسملوو**: لەبیرت نەچێ، من لە تەمەنی ١٧ ساڵی کوردم ناسیوە، ئەوە زیاتر لە ٥٠ ساڵە لەگەڵ کوردو کوردستانم. من چیدی ناتوانم بڵێم من چیکیم.

**دلبخوین دارا**: ئێتر تۆ خۆت وەک کورد دەناسی؟

**نەسرین قاسملوو**: بە ڕاستی ئێدی من بوومەتە کورد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دلبخوین دارا:** لەوانەیە پێوەندیت لەگەڵ کورد دا زیاتر بووبێ تا چیکی یەکان؟

**نەسرین قاسملوو:** بەڵێ باشترە. من تەنیا ١٧ ساڵ لەگەڵ چیکیی‌یەکان مامەوە. هەموو تەمەنی من لەگەڵ کورد تێپەڕی.

**دلبخوین دارا:** باشە تۆ چۆن فێری کوردی بووی، د. قاسملوو هەوڵیدا تۆ فێر بکات؟

**نەسرین قاسملوو:** هەوڵی نەدا، ئەو کاتی نەبوو. من زوو فێری زمان دەبم.

**دلبخوین دارا:** د. قاسملوو لە ماڵدا چۆن مرۆڤێک بوو، وەکو من تێگەیشتووم لە نێوان تۆو ئەودا ئەڤینێک هەبووە. ئێوە یەکترتان خۆش دەویست، تۆش حەزت لە بەژن و باڵای ئەو کردووە. تۆ بەر لە زەواج بە بێ ئەوەی بلێی من بیری لێدەکەمەوە گوتووتە "بەڵێ" پاش زەواج د. قاسملوو چۆن پیاوێک بوو؟

**نەسرین قاسملوو:** بۆ هەموو کەس زۆر بە سەبر بوو، تەحموولی زۆر بوو، لە ماڵیش هەروەها بوو، شاد بوو.

**دلبخوین دارا:** هاریکاری دەکردی؟

**نەسرین قاسملوو:** (بە پێکەنینەوە) زۆر نا.

**دلبخوین دارا:** پێوەندی لەگەڵ منداڵەکان چۆن بوو؟

**نەسرین قاسملوو:** باش بوو. بەڵام ژیانی ئێمە وەک ژیانی کەسانی دیکە نەبوو. عەبدولڕەحمان زۆر سەفەری دەکرد. ئەو کاتەی منداڵەکان بچووک بوون، عەبدولڕەحمانیان نەدەناسی، پاشان هێدی هێدی زانیان کە ئەوە باوکیانە. کاتێک کە باوکیان دەهات، ئەو بۆ ئەوان وەک میوانێکی خۆشەویست بوو.

**دلبخوین دارا:** واتە قەت دەرفەتی ئەوەی نەبوو کە چیرۆک بۆ منداڵەکانی بگێڕێتەوە؟

**نەسرین قاسملوو:** من زۆر گۆرانی چیکیم بۆ منداڵان دەگوت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**دلبخوین دارا:** تۆ زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە باشتر شارەزای ژیانی تایبەتی ئەوی، زیاتر چی لە د. قاسملوو فێری بووی؟

**نەسرین قاسملوو:** زۆر شتی لێ فێر بووم. کاتێک ١٧ ساڵان بووم، شتێکم نەدەزانی، راستە من شۆرشگێر بووم، ئەوە شتێکی دیکەیە. بە راستی من لەگەڵ عەبدولڕەحمان لە هەر بوارێکدا زۆر شت فێر بووم. من زۆر ڕازیم. نازانم ئەگەر من لەگەڵ کەسێکی دیکە زەواجم بکردبایە ئەوەندە فێر دەبووم یا نا. زۆر زەحمەتە ئەوەندە فێر ببام. وانەبوو کە من دابنیشم و ئەو وانەم پێ بدات، من لە ژیاندا زۆر شت فێر بووم. هەروەها من لە کورد و ئێرانی‌یەکان زۆر شت فێر بووم. لەوەش ڕازیم. دەتوانم بڵێم چوونی لەگەڵ د. قاسملوو بۆ کوردستان، دیاری هەرە گەورەی ژیانی من بوو بۆ من. زۆر ڕێزی ئەوەش دەگرم.

**دلبخوین دارا:** بیرەوەری‌یەکی خۆت لەگەڵ د. قاسملوو دا کە قەت لە بیری ناکەی کامەیە؟

**نەسرین قاسملوو:** (پێدەکەنێ و بیر دەکاتەوە و هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ) جەستەی عەبدولڕەحمانە. ئەگەر ئەو مابایە ئێستا ڕەوش وەها نەدەبوو. ئەو دیپلۆماتێکی گەورە بوو. زانیاریی زۆری هەبوو. زۆر زمانی دەزانین، کورد پێویستی بە کەسایەتی‌یەکی وەک عەبدولڕەحمان هەبوو.

**دلبخوین دارا:** د. قاسملوو بە لای کوردەوە زۆر خۆشەویستە، تۆ وەک هاوسەری ئەو چ هەستێکت هەیە؟

**نەسرین قاسملوو:** نە تەنیا کورد بەڵکو فارس، تورک، عەرەب د. قاسملوو دەناسن. جێگای ئەو لە ناو ئەواندا گرنگە. قاسملوو نموونەیە. سوپاسی خودا دەکەم کە ژنی قاسملوو بووم.

**دلبخوین دارا:** دەمەوێ پرسیارێکی زۆر تایبەتی بکەم، باشترین دیاری کە د. قاسملوو پێشکەشی کردووی چ بوو؟

**نەسرین قاسملوو:** منداڵەکانی من بوون، باشترین دیاری دکتۆر منداڵانی منن، ئەو لەگەڵ خۆی منی بردە ئێران، ئەوش دیاری‌یەکی گەورە بوو بۆ من.

**دلبخوین دارا:** سوپاس بۆ ئەو هەڤپەیڤینە، لە کۆتاییدا دەتەوێ شتێک بڵێی؟

**نەسرین قاسملوو:** نا! (هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ).

* ئەو هەڤپەیڤینە لە پاریس ئەنجامدراوە.

سەرچاوە لاپەرەی ١٣ حەوتوونامەی مێدیا ژمارە ٢٩٨ - نووسینەوەی دەق ماڵپەری گیارەنگ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## هاوسەری قاسملوو: قاسملوو کە لەزیندان بوو هەندێ زانیاری لەبارەی هاوکارەکانی و بارودۆخی حیزب دابووە ساواک



**سەلاح سەعید:**

**هاوسەری قاسملوو زۆر شت لەبارەی هاوسەرەکەیەوە دەگێڕێتەوە**

* مەلا مستەفا بۆ قاسملوو پێشنیاری کرد، کە بچێتە کوردستانی عێراق و لەنزیک سنوری ئێران درێژە بە خەبات بدات
* ئەحمەد تۆفیق جیا لەزێدەخوازیی سیاسی، تەماحی پارەکۆکردنەوەشی هەبوو
* ئیحسان نوری پاشا پیاوێکی نەریتگەرا بوو و لەڕوانگەی ئەوەوە، ژنان خوارتر لەپیاوان بوون
* غەنی بلوریان خۆی بەقارەمان دەزانی و پێی وابوو کە تەواوی نەتەوەی کورد پێڕەوی لێدەکەن
* جەلال تاڵەبانی ناوی لێنام نەسرین
* لەخاتوو یاشار، هاوسەری ئیحسان نووری پاشا فێری چێشتلێنان بووم

"ئامانج لەگێڕانەوەی ژیانم ئەوەیە کە خوێنەر لەڕاستییەکانی ژیانمان نزیک بکەمەوەو هەوڵم داوە کە لەهەمبەر کەسایەتیی راستەقینەی عەبدولڕەحمان، هەڵسوکەوتێکی بێلایەنانەم هەبێ و ئەمە بەو واتایەیە کە هەوڵم نەداوە هەندێک لەتایبەتمەندییە نەرێنییەکانی ئەو بشارمەوە".

کتێبی "ئەورووپاییەک لەنیشتمانی کوردەکاندا"، نووسینی "هێلێن کرۆلیش" (نەسرین قاسملوو)، هاوسەری رێبەری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تیرۆرکراوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووە. کتێبەکە بەزمانی فەڕەنسی نووسراوەو لەم ماوەیەشدا چاپی فارسیی کتێبەکە کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

نووسەر پێشتر لەوتوویژێکدا هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناوەی بۆ کتێبەکەی بەم شێوە باس کردووە: من بەڕەچەڵەک ئەوروپاییم و لەبنەماڵەیەکی خەڵکی چیکوسلۆڤاکیادا لەدایک بووم، بەڵام لەوڵاتی خۆمدا لەگەڵ کەسێکدا ئاشنا بووم، کە چارەنووسی منی بەتەواوی گۆڕی و بوو بەهۆی ئەوە کە لەئەورووپاوە بۆ نیشتمانی کوردەکان، واتە کوردستان بڕۆم.

نەسرین لەکتێبەکەدا ناوی (لێنا)ی بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی هەڵبژاردووە. لێنا لەقەیرانی گەورەی ساڵەکانی ١٩٣٠ لەپڕاگی پایتەختی چیکوسلۆڤاکیادا لەدایک و باوکێک کە بەزوویی لێک جیا دەبنەوە، هاتبووە دنیا. لەتەمەنی شەش ساڵیدا دایکی دەکوژرێ. بەخێوکردنی دەکەوێتە ئەستۆی پووری. بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و خوێندن ناچار دەبێ کار بکا و وەک خۆی دەڵێ "سەردەمێک وەک کرێکار مەئموری کۆکردنەوەی ئەو وردە ئاسنانە بووم، کە لەئامێرەکانەوە دەکەوتنە سەر زەوی".

لەئاهەنگێکی خوێندکاریدا بۆ یەکەمین جار چاوی دەکەوێ بەعەبدولڕەحمان قاسملوو، کە ئەوکات لەپڕاگدا وەک خوێندکار دەیخوێند. ئەو پێی وابوو کە قاسملوو ئیسلۆڤاکە. پاش تەواوبوونی ئاهەنگەکە لەگەڕانەوەی بۆ ماڵدا قاسملوو هاوڕێیەتی دەکات. لێنا کە هێشتا نەیزانیبوو قاسملوو کوردە، هەر لەسەرەتاوە بەتەواوی ئاشقی ببوو. لێنا دواتر بەهاوڕێکەی، ئانجلیکی گوتبوو "ئەو بەوەها چاوێکی پڕ لەدلۆڤانی و سۆزەوە بۆ من دەڕوانێ، کە تا ئیستا کەس وا بۆی نەڕوانیوم و من دڵنیام کە ئەو منی خۆش دەوێ".

بەوتەی لێنا، هەموو شتێک بەگشتی سەردەمی منداڵی، پەروەردە، بارهاتن و بنەماڵە، ئەم دوو لاوەی لەیەکتر جیا دەکردەوە، بەڵام هەردووکیان مەیلێکی زۆریان بۆ فێربوون هەبوو و هەروەها ئاشقی ئازادی و ئامادەی خەبات لەڕێگایدا بوون.

پاش بڕیاردان لەسەر هاوسەرگیری لەبەهاری ساڵی ١٩٥٢دا، ڕێوڕەسمی مارەبڕین لەباڵوێزخانەی ئێران لەپڕاگدا بەڕێوە چوو. لێنا هەرچەند بڕوایەکی بەدین نەبوو، بەڵام بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی مارەبڕین ناچار ببوو کە ببێتە موسڵمان. جەژنی هاوسەرگیری (زەماوەند)ی هەردووکیان لەڕێستوورانێکدا کە بینایەکی جوان لەناوەندی پڕاگدا بوو بەڕێوە دەچێ. خواردنی زەماوەندەکە سادە بوو، چوونکە هیچکامیان ئەوەندە پارەیان نەبوو، کە ڕێوڕەسمێکی شایستە بەبەشداریی میوانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زۆر رێک بخەن.

ماوەیەک پاش هاوسەرگیری عەبدولڕەحمان دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. کاتێک ئەو، لێنا بۆ ئێران و پەیوەستبوون بەخۆی بانگهێشت دەکا، زۆربەی ئەو کەسانەی کە پێوەندییان لەگەڵیدا هەبوو ئامۆگارییەکی هاوبەشیان دەکرد: "بەهیچ شێوەیەک مەچۆ بۆ لای عەبدولڕەحمان و بەچوون بۆ وڵاتێکی وەها دواکەوتوو و گەشەنەکردوو، خۆت تووشی گێچەڵ مەکە." بەڵام ئەو شێلگیر دەبێ کە بەهاوسەرەکەی پەیوەست بێ، هەر بۆیە بڕیاری رۆیشتن بۆ ئێران دەدا.

لەو کاتەدا ژیان و چالاکی سیاسیی قاسملوو لەئێران بەشێوەی نهێنی دەبێ، هەر بۆیە لەبارەی چالاکییە سیاسییەکانیەوە هیچ زانیارییەک بە لێنا نادا. تەنانەت کاتێک لێی دەپرسێ کە بۆ کوێ دەچێ؟ عەبدولڕەحمان وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ "لەمە بەدواوە هیچکات وەها پرسیارێک لەمن مەکە، چونکە ئەگەر رۆژێک لەلایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر بکرێی، هەرچەند کەمتر بزانی، هەر ئەوەندەش دەبێتە هۆی زەبرلێکەوتن".

لەتاران پاش هاتنەوەی عەبدولڕەحمان لەچالاکییەکی سیاسی، رۆژێک سەردانی ماڵی ئێحسان نووری پاشا، رێبەری شۆرشی ئارارات دەکەن. بەوتەی لێنا، ئێحسان نووری پاشا و هاوسەرەکەی لەخانوویەکی بچووکدا لەتاران دەژیان. ئەو بەم شێوەیە باسی رێبەری شۆرشی ئارارات دەکا "ئەو پیاوێکی قۆز، باڵابەرز، خاوەن زەینێکی تیژ و هەڵسوکەوتی تاڕادەیەک سەربازی بوو. ئەو نەریتگەرا بوو و لەڕوانگەی ئەوەوە، ژنان خوارتر لەپیاوان بوون. هەر بۆیە هەر کات کە دەیویست بابەتێکی جیددی لەگەڵ عەبدولڕەحمان بخاتە بەرباس، ئەوی بۆ شوێنێکی جیا لەخاتوونەکان دەبرد". لێنا لەوێدا لەخاتوو پاشار، هاوسەری ئێحسان نووری پاشا کە شارەزاییەکی زۆری لەلێنانی چێشتی رۆژهەڵاتیدا هەبوو، فێری چێشتلێنان دەبێ.

لێنا لەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بەهاوکارەکانی دکتۆر قاسملوو، بەم شێوە باسی یەکێکیان کە بەپیتی غ ناوی هێناوەو مەبەست لێی غەنی بلووریانە دەکا: ئەو لەئاکامی بێکاریی ناچاری و بەهۆی بێهیوایی و نائومێدییەوە لەبەندیخانەدا پەنای بۆ مەشرووب و یاری وەرەق بردبوو. پاش ئازادبوون لەبەندیخانە ئەو چاوەڕوانی جۆرێک دەربڕینی ئەمەکناسی بوو لەلایەن هاوڕێکانیەوە. ئەو چاوەڕوانبوو کە بەهۆی ئەو هەمووە زیندانیبوونەوە، بەبەرزترین بەرپرسایەتی لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، واتە سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بگا، بەرپرسایەتییەک کە عەبدولڕەحمان لەئەستۆی بوو. ئەو لەم کارە رقی هەڵگرت و لەهاوپێوەندی لەگەڵ هاوڕێکانیدا وازی هێنا و حزبی بەجێهێشت. ئەو خۆی بەقارەمان دەزانی و پێی وابوو کە تەواوی نەتەوەی کورد پێڕەوی لێدەکەن. سەرنجام توانی لەگەڵ چەند کەس لەئەندامانی ناڕازیی کۆمیتەی ناوەندی، حزبێک پێک بێنێ. بەڵام شانس یارمەتی نەدا و ماوەیەکی درێژە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ ئەوروپا کۆچی کردووە".

سەبارەت بەئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی)یش نووسیویەتی "عەبدولڕەحمان هاوکارێکی دیکەی هەبوو بەناوی ئەحمەد. ت. ئەو لاوێکی لادێی و زیرەک بوو. بەڵام زانیاریی گشتی و بەتایبەت پێگەیشتوویی سیاسیی ئەوەندە جێگای ڕەزامەندی نەبوو. ئەو کە بەشێوەی ڕێکەوت و لەسێبەری قەزاوقەدەردا خۆی لەدەوروبەری سەرۆکایەتیی حزبدا دۆزیبۆوە، سنووری خۆی و هاوسەنگی لەپرسەکاندا لەدەست دا و پێی وابوو کە دەتوانێ ڕۆڵی ڕێبەرێک بگێڕێ (ئەو بۆ خولێکی زۆر کورت بەئاواتی خۆی گەیشت)، بەڵام چونکە لێهاتوویی هاوڕێکانی نەبوو، دەستیکرد بەپیلانگێڕی و ئاراستەی گۆڕی و کۆتایی بەخەبات لەڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هێنا و بەمەلا مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق پەیوەست بوو. ڕێبەرانێکی کەم پەیدا دەبن، کە لەگەڵ هاوکارانی زێدەخوازدا هەڵ بکەن و بارزانیش کە بۆ لایەنگرەکانی قارەمانێکی راستەقینە بوو، لەم بابەتە جیاکراوە نەبوو. ئەو زوو بەمەبەستەکانی ئەحمەدی زانی و ئەحمەد ئەم جارە رووی لەحزبی بەعس واتە ڕژێمی سەدام کرد. ئەحمەد تۆفیق جیا لەزێدەخوازیی سیاسی، تەماحی پارەکۆکردنەوەشی هەبوو و دەستی بەکڕین و فرۆشتنی مەڕ و بزن کردو بەرپرسانی حزبی بەعس بڕیاری دەستبەسەرکردنی ئەویان دا و ئەویان بەتۆمەتی کڕین و فرۆشتنی نایاسایی بەزیندان مەحکووم کرد، ئەو لەبەندیخانەدا کوژرا. لەلایەن چ کەسێکەوە؟ وەڵامەکان جیاوازن".

لێنا لەئێراقدا ناچار بەژیان و چالاکیی سیاسی لەحەشارگەکان و گۆڕینی بەردەوامی حەشارگەکان دەبێ. ئەو لەیەکێک لەحەشارگەکاندا ناچار دەبێ کە لەگەڵ سێ پیاوی لاودا بژی. یەکێکیان خوێندکاری بواری ماف دەبێ، کە بۆ هەڵاتن لەدەستی پۆلیس کۆلیژی بەجێهێشتبوو. بەوتەی لێنا ئەو پیاوێکی دلۆڤان و زۆربڵێ بوو و ناوێکی خوازراوی بەکار دەهێنا، بەڵام ناوی راستەقینەی جەلال تاڵەبانی بوو. هەر کات لێنا حەشارگەکەی دەگۆڕی دەبوو ناوی خۆشی گۆڕیبا. هەر لەو شەوەی گەیشتن بەحەشارگەی تازەدا، ئەو سێ پیاوە خەریکی دۆزینەوەی ناوێک بۆ ئەو بوون. سەرنجام مام جەلال بڕیاری کۆتایی دا و گوتی "ناوی تۆ نەسرینە. نەسرین گوڵێکی سپییە کە لەچیاکاندا دەڕوێ. تۆ ڕەنگی روخسارت سپییەو لەکوێستانەوە هاتووی بۆ لامان." هەرچەند پاش ئەمە لێنا بۆ چەندین جاری دیکە ناوی گۆڕی، بەڵام ئەم ناوە بۆ ئەو بوو بەهەمیشەیی و ئێستاش کوردەکان بەم ناوەوە دەیناسن.

لێنا لەبەغدا دەبێ کە دوکتۆر قاسملوو بۆ کاری حزبی و چالاکیی سیاسی گەڕابۆوە تاران لەلایەن ساواکەوە دەستبەسەر دەکرێ. کاتێک لێنا دەگاتە تاران بەم بابەتە دەزانێ، ئەویش لەزمانی هاوسەرەکەیەوە کە لەبەندیخانە ئازاد ببوو. هەندێ لەدژبەران و نەیارانی دکتۆر قاسملوو ئەو بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە بۆ ئازادبوونی خۆی هاوکاری ساواکی کردووەو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناوی ژمارەیەکی زۆر لەهاوکارەکانی بەساواک داوە. بەڵام لێنا چۆنیەتیی رووداوەکە لەزمانی عەبدولڕەحمانەوە بەشێوەیەکی دیکە دەگێڕێتەوە. قاسملوو پێی دەڵی کاتێک ئەو لەبەغدا بووە دەستبەسەر دەکرێ و هاوکات لەگەڵ ئەویشدا ئیسماعیلی برای دەگیرێ. عەبدولڕەحمان بەنیشاندانی برینی سەر سینگی پێی رادەگەیەنێ، کە ئەشکەنجەیان داوەو بەپێی ئەو پرسیارانەی کە لێیان کردووە بۆی دەرکەوتووە کە ئیسماعیل چەند ناوی پێیان داوە. هەر بۆیە بەئەشکەنجەدەرەکان دەڵێ کە لەئەگەری ئازادکردنی ئیسماعیلدا ئامادەیە قسە بکات. هەروەها پێیان دەڵێ کە ئیسماعیل هیچ نازانێ و هەرچییەکی بەوان وتووە، نادروستە. ساواک کە دەیزانی عەبدولڕەحمان زانیاری زیاتری پێیە، ئیسماعیل ئازاد دەکا. قاسملووش سێ لاپەڕە لەناوی ئەو کەسانەی کە یان مردبوون یان چووبوونە دەرەوەی ئێران و لەئاسایشدا بوون، لەگەڵ روونکردنەوەیەک لەبارودۆخی حزب کە زۆر کاتی بوو ئیتر بەکەڵک نەدەهات، بۆ ساواک پڕ دەکاتەوە. ساواک دواتر داوای لێدەکات کە هاوکارییان بکا. چونکە دەیانەوێ بچنە کوردستان و ئەو جێگایانەی کە ئەو لەراپۆرتەکەیدا ناویانی هێنابوو، ببینن. ئەوان لەئەگەری هاوکاریدا پێشنیاری پارە و ئازادییان پێکردبوو. قاسملوو سەرەتا ئەم پێشنیارە قەبووڵ ناکا، بەڵام پاش بیرکردنەوە قەبووڵی دەکا. ئەو کە نازانێ ئیسماعیلی برای چ شتێکی بەوان وتووە و نەیدەزانی کە ئاخۆ هاوڕێکانی لەکوردستان ئاگاداری دەستبەسەربوونی ئەوانن یان نە و هەروەها نەیدەزانی کە ئەوان شوێنی حەشاردانی خۆیانیان گۆڕیوە یان نە، بیر لەوە دەکاتەوە کە بەگەیشتنە کوردستان چۆن خۆی لەدەستی ساواک دەرباز بکا. هەر بۆیە کاغەزێک لەسەر بنەمای بەڵێنی هاوکاری لەگەڵ ساواکدا واژۆ دەکا. ساواک دوو پیاوی چەکدار لەگەڵ قاسملوودا بۆ کوردستان دەنێرێ. ئەو کە چیاکانی کورستانی بەباشی دەناسی ئەو دوو پیاوە لەچایخانەی گوندێکدا چاوەڕێ دەهێڵێتەوە و پێیان دەڵێ کە بۆ ئەوەی هاوڕێکانی گومانی لێنەکەن، پێویستە کە بەتەنیا پێوەندییان پێوە بکا. بەم شێوەیە لەچیاکانی کوردستاندا خۆی لەو چەکدارانە ون دەکا. پاش هەڵاتنی عەبدولڕەحمان هیچ کەس دەستبەسەر ناکرێ و ئەمەش لێنا دڵنیا دەکاتەوە کە ئەو هیچ هاوکارییەکی لەگەڵ ساواکدا نەکردووە.

لێنا لەپراگ دەبێ کە رژێمی پاشایەتی لەعێراقدا دەڕووخێ. عەبدولکەریم قاسم لەڕێگەی کودێتاوە گەیشتبووە دەسەڵات و سیستەمی کۆماریی لەعێراقدا دامەزراندبوو و خۆی کردبووە سەرکۆماری عێراق. عەبدولکەریم قاسم، مەلا مستەفای بارزانیی کە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت پەنای بردبوو، بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق بانگهێشت دەکا. مەلا مستەفاش کە ئەم بانگهێشتەی قەبووڵ کردبوو لەڕێگای گەڕانەوە بۆ عێراق ماوەیەک لەپراگدا دەمێنێتەوە. لەپراگ مەلا مستەفا بۆ خواردنی شێو بۆ ماڵی قاسملوو بانگهێشت دەکرێ. بەوتەی لێنا، لەم میوانییەدا ئەو پێشنیاری بەعەبدولڕەحمان کردبوو کە بچێتە کوردستانی عێراق و لەنزیک سنووری ئێراندا جێگیر ببێ تا بەم شێوەیە لەو شوێنەدا درێژە بەخەبات دژی رژێمی شا بدا. عەبدولڕەحمانیش خێرا پێشنیاری بارزانیی قەبووڵ کردبوو. پاش ئەم پێشنیارەی بارزانی ئەوان دەچنە بەغدا و لەوێ بەشێوەی فەرمی نیشتەجێ دەبن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عەبدولڕەحمان دەبوو بچێتە کوردستان و بۆ ئەم کارەش دەبوو بەنهێنی بەغدا بەجێبهێڵێ. لەکوردستاندا ئەو بەیارمەتیی یەکێک لەهاوڕێکانی کە کوردی ئێراق دەبێ لەبۆسەیەک کە بۆ کوشتنی نرابۆوە دەرباز دەبێ.

بە وتەی لێنا ماوەیەک بوو کە ڕەخنەگرتن لەعەبدولڕەحمان دەیتوانی وەک هەڵە یان گێچەڵخوازییەک لێک بدرێتەوە. ڕۆژێک چەند کەس لەهاوڕێکانی لێنا نیگەرانیی خۆیان لەهەڵسوکەوتی دکتۆر قاسملوو لەگەڵ هەندێک لەئەندامەکاندا پێ ڕادەگەیەنن. ئەوان نیگەرانی هەڵسوکەوتی بەوتەی خۆیان شێوەدەرەبەگانەی سکرتێرەکەیان لەهەمبەر هەندێک لەئەندامانی حزب بوون لەکاتێکدا لەهەمبەر هەندێکی دیکە هەڵسوکەوتی دلۆڤانەی ئاشکرای هەبوو. لێنا ئەم نیگەرانییە بەعەبدولڕەحمان دەگەیەنێ. دکتۆر قاسملوو دوای ئەوە کە دەزانی ئەو هاوڕێیانەی لێنا وەها ڕەخنەیەکیان لێی گرتووە ئەوان بەهۆی "تەبلیغ دژی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" سەرکۆنە دەکا. لێناش لەبەرانبەر ئەم کردەوەیەدا ناڕەزایەتی دەردەبڕی و بەقاسملوو دەڵێ "ئەم هەڵسوکەوتە، هەڵسوکەوتێکی بێزراو و قەبووڵنەکراوە. لەباتی بیرکردنەوە، تۆ وتەی من دەگۆڕی و لەهەقی ئەواندا ستەم دەکەی!".

لێنا دەبوو بڕیارێک بدا. ماوەیەکی زۆر بوو کە هاوسەرەکەی لەو دوور دەبۆوەو ژیانی تایبەتیی خۆی بێ ئەو دەبردە سەر. ئامانجێک کە هاوسەرەکەی بۆ بەرگری لێی ڕاپەڕیبوو، پێوەندییەکانیانی خستبوو پەراوێزەوە. هەروەها ئامانجێک کە هاوسەرەکی هەڵی بژاردبوو تەواوی کاتی دەگرت و ژیانی تایبەتی ئیتر بۆ ئەو هیچ واتایەکی نەبوو. لێنا کە دەیزانی عەبدولڕەحمان لەلووتکەی ناسراویدایەو جیابوونەوەیان لەیەکتر هیچ کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ڕەوشی عەبدولڕەحمان لەحزبدا دانانێ، داوای جیابوونەوەی لەو کرد. ئەو لەم پێوەندییەدا نووسیویە کە جیابوونەوەیان "هیچ چەشنە گۆڕانێکی لەهۆگرییەک کە لێنا لەهەمبەر کوردەکان هەیبوو و بەشی زیاتری تەمەنی لەخزمەت بەوەدا تێپەڕ کردبوو دروست نەکرد". هەر بۆیە ئەو هەروا خزمەتی بەکوردەکان دەکرد و تا کۆتایی نهێنیپارێزی عەبدولڕەحمان بوو و هێندێ جاریش وەرگێڕی ئەو و هەروەها وەئەستۆگری بەشێک لەکاروباری حزبی بوو.

نوسەری کتێبی "ئەورووپاییەک لەنیشتمانی کوردەکاندا" هەر وەک لە پێشەکیی کتێبەکەدا گوتبووی نەیویستووە هەندێک لەتایبەتمەندییە نەرێنییەکانی دکتۆر قاسملوو بشارێتەوە، هەر بۆیە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیدا هەندێ جار ڕەخنە لەشێوەی هەڵسوکەوتی هاوسەرەکەی دەگرێ. بە وتەی لێنا "ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هاوکاری لەگەڵ عەبدولڕەحماندا، پێویستی بە لەسەرخۆییەکی بەهێزە. ئەو لەئاکامی چالاکیی هاوکارەکانی وەک قەرزێک دەیڕوانی و لێزانیی ئەوانی بەکارێکی ئاسایی لێک دەدایەوە، کە تەنانەت بایەخی قسەلەسەرکردنیشی نییە".



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێنا هەروەها رەخنە لەهاوسەرەکەی بەهۆی کەمتەرخەمی لەپاراستنی گیانی خۆیدا لەئەورووپا دەگرێ و دەنووسێ: "عەبدولڕەحمان لەئەوروپادا سەرەتاییترین رێسا ئەمنییەتییەکانی بەردەوام پێشێل دەکرد. ئەو تەنیا پارێزەرێکی هەبوو کە تەنانەت چەکداریش نەبوو. زۆربەی کاتەکان ون دەبوو و پارێزەری بەستەزمانی کە لەنیگەرانیدا خۆی لوول دەدا، چاوەڕوان دەهێشتەوە". دوایین پارێزەری قاسملوو، کاک عەبدوڵلا، زۆربەی کاتەکان دەهاتە لای لێنا و لەم پێوەندییەدا لەگەڵی دەدوا. جارێک عەبدوڵلا لەکاتێکدا خواحافیزی دەکا پێی دەڵێ "خوشکە نەسرین لەبیری مەکە رۆژێک کە دکتۆر بکوژرێ، منیش لەگەڵیدا دەکوژرێم". هەر واش بوو. ئەو دواتر لەڤییەندا لەگەڵ دکتۆر قاسملوو شەهید کرا.

لەمانگی ژانویەی ١٩٨٩دا دکتۆر قاسملوو بۆ جاری دووهەم لەگەڵ نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامیدا لەڤییەنا دانوستان دەکات. لێنا هیچ زانیارییەکی لەدانوستانەکان نییە. عەبدولڕەحمان کە هەموو رۆژێک تەلەفۆنی بۆ دەکرد، دواتر نامەیەکی بچووکی لەو پێوەندییەدا بۆ دەنێرێ، کە وەرگێڕانی بەم شێوەیە "لێنا گیانی خۆشەویستم،ساڵێکی نوێی خۆشت بۆ بەئاوات دەخوازم. بەداخەوە ئەمڕۆ ناتوانم بۆ پاریس بگەڕێمەوە. لێرەدا خەریکی دانوستانی زۆر گرنگ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدام. روونە کە دانوستانەکان، دانوستانی بەتەواوی کۆتایین. هەر بۆیە هیچ کەس جیا لە تۆ نابێ لێی ئاگادار بێ. عەبدوڵلا لەگەڵمدایەو باش نییە کە ئەو بزانێ کە لەم پێوەندییەدا لەگەڵ تۆدا قسەم کردووە. پاش یەکەمین خولی دانوستانەکان گەشبینییەکی کەمم لەهەمبەری هەیە. سەرەڕای ئەمە دانوستانەکان درێژەیان هەیەو بەم هۆیەشەوە، لەوانەیە سەرێک لەپراگ بدەم....".

بەر لەدوایین دانیشتنی دکتۆر قاسملوو لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا لێنا پێی وتبوو: "ئێستا بۆ رژێم گونجاوترین دەرفەتە بۆ لەنێوبردنی تۆ. خومەینی مردووە. چارەنووسی سمکۆش لەبیر مەکە". بەڵام قاسملوو ئەم وتەیەی لێنا بەجیددی وەرناگرێ و خۆی و پارێزەرەکەی بەبێ چەک دەچنە شوێنی دانوستانەکە. عەبدولڕەحمان لەڕۆژی سێشەمە، ١١ی ژووئیەدا بەپێی خۆی بەرەو پێشوازی مەرگ دەچێ. لەم رۆژەدا و رۆژی دواتریش تەلەفۆن بۆ لێنا دەکات. بەڵام لەڕۆژی ١٣ی ژووئیەدا هەواڵێک لەتەلەفۆنی عەبدولڕەحمان نابێ. بەیانیی رۆژی دواتر لەدەفتەری پاریسی حزبەوە تراژیدیای شەهیدبوونی قاسملووی پێ رادەگەیەنن. ئەو کە لەم هەواڵە راچڵەکاوەو پێی قەبووڵ ناکرێ، کە بەم شێوەیە عەبدولڕەحمان لەدەست بدا وردەوردە ناچار دەبێ کە راستیەکە قەبووڵ بکات. سەرەتا خۆی سەرکۆنە دەکات، کە بۆ بەو ئاسانییە لەگەڵ عەبدولڕەحماندا سەبارەت بەمەرگ دواوە. هەروەها لەشەهید قاسملووش تووڕە دەبێ و ئەوی کە وەها خۆی بەکوشت دابوو، تۆمەتبار بەگوناحێکی نەبەخشراو لەهەمبەر گەلەکەی دەکردو بەتوندی سەرکۆنەی دەکرد.

سەرچاوە: ماڵپەری سیڤل ٣ی حوزەیران ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## وتووێژی ڕەحیم ڕەشیدی لەگەڵ نەسرین قاسملوو، سەبارەت بە کتێبی "ئوروووپاییەک لە وڵاتی کوردان"



ڕێکەوتی ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٩٠ی هەتاوی، لە بنکەی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس، کۆڕێک بۆ، ئێوە، بە مەبەستی ناساندی کتێبەکەت کە بیرەوەرییەکانی ژیانیت لەگەڵ دوکتۆر قاسملووی لە خۆ گرتوە، پێکهات.

**پرسیار**: دەکرێ سەرەتا لەو کۆڕەوە دەست پێبکەین؟

**وەڵام**: وادیارە لە ئامریکاشەوە هەر ئاگات لە ڕووداو و بابەتەکان هەیە، ئەو کۆڕە هەر وەکوو باست کرد، بە مەبەستی ناساندنی پەڕتووکەکە پێکهاتبوو کە لە لایەن "ژیویس بلووە" بەڕێوە چوو. لە سەرەتادا جاناتان ڕانداڵ، ڕۆژنامەوانی بە ناوودەنگی ئامریکایی، لەسەر ئەو کتێبە و خۆم، بەتایبەتی لە سەر کەسایەتیی شەهید دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، قسەی بۆ ئامادەبووان کرد.

بە دوای ئەو دا ژوولیەت مەنس، کۆمەڵناس و نووسەری فەرانسەویی و دۆستی شەهید قاسملوو، سەبارەت بە نووسەر و پرۆسەی وەشانی کتیبەکە دوا، دواتر سەبارەت بە کەسایەتیی قاسملوو ئاخافت و چەند بیرەوەرییەکی گێرایەوە. ئەو بۆ خۆی هەڵەچنی کتێبەکەی کردووە لە باری زمانەوانیشەوە پێیدا چۆتەوە.

ئینجا خۆم، سەبارەت بە کتێبەکە، ژیانو بەسەرهاتم لە کوردستان بە کورتی قسەم کرد و سوپاسی ئەو کەسانەم کرد کە لە چاپ کردنی ئەو کتێبەدا هاوکارییان کردووم .



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**پرسیار**: بۆچی ناوەکەت ناوە "ئورووپاییەک لە وڵاتی کوردان"؟

**وەڵام**: لە بەر ئەوەی من بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئورووپام و لە بنەماڵەیەکی چێکوسلاواکی لە دایک بووم، هەر لەو وڵاتەش گەورە بووم، بەڵام هەر لە وڵاتەکەی خۆم لەگەڵ کەسێک ئاشنا بووم کە دواتر هەموو چارەنووسمی گۆڕی و لە ئورووپاوە بەرەو وڵاتی کوردەکان واتە کوردستان چووم و هەمیشە شانازی بەم سەربردەیەوە دەکەم کە لەگەڵ قاسملوو هەمبوە. لە هەمان کات دا زۆربەی ڕووداوەکانی نێو ئەو کتێبە پێوەندی بە کوردەکان و خەباتی ئەوان بۆ ئازادی و دێموکراسی هەیە. کەوایە ئەو ناوە بۆ کتێبەکە زۆر شیاوە و لە جێگای خۆی دایە.

**پرسیار**: چۆن بوو کە بیرت لە نووسینی ئەو کتێبە کردوە؟

**وەڵام**: لە ڕاستی دا دەمدیت کە هەر کەس و لایەنیک سەبارەت بە ژیانی من و ڕەحمان بە کەیفی خۆی قسە دەکات و دەنووسێ، هێندێک لە ڕادەبەدەر قاسملوو خراپ دەکەن، کۆمەڵێکیش پێیان وایە کە بێ کەم و کوڕی بوە، دواتر هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە بیرەوەرییەکانی خۆم بنووسمەوە و بەم شێوەیە بەشێک لە ڕاستییەکانی ژیانی خۆم لەگەڵ قاسملوو کە بۆ خۆم تێیدا بووم و دیتومە، وەکوو خۆی بنووسمەوە تاکوو بەم شێوەیە ڕاستییەکان تۆمار بکرێن و ئەویندارانی ئازادی و ڕزگاری کوردستان پتر لە بارەی ژیان و بەسەرهاتی ڕێبەرەکەیانەوە بزانن و ئاگادار بن.

**پرسیار**: کەوایە ناکرێ بڵێین ئەم کتێبە بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، بەڵکوو بیرەوەری ئەکتەرێکی نێو ڕووداوەکانی ئەو بزوتنەوەیە کە چارەنووس یان ژیانی هاوبەش لەگەڵ ڕێبەرێک تووشی ئەو ڕۆژگارەی کردوە؟

**وەڵام**: نا، بە هیچ شێوەیەک ئەوە مێژووی حیزبی دێموکرات نیەو من مێژوونووس نیم و تەنیا بیرەوەری خۆمم نوسیوەتەوە بۆ ئەوەی هەموو کەس بزانێ کە ڕاستییەکانی ژیانی من و قاسملوو چۆن بوە، هاوکات قاسملوو وەکوو مرۆڤ چۆن هەڵسووکەوتی کردوەو و چلۆن ڕووبەڕووی ڕووداوەکان بۆتەوە.

هەر لەو کاتەدا ئەوەی بە چاوی خۆم دیتوومە یان کەسانی باوەڕپێکراو بۆیان باس کردووم هەوێنی نووسینی ئەم کتێبەن. لە هەمان حاڵ دا لەو جێگایانە کە پێویست بووبێ ڕەخنەم لە کارو کردەوەی قاسملوو گرتوە کە هەموویم وەکوو خۆی تۆمار کردوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پرسیار**: من پێشتر لە ماڵەکەی خۆت، کۆمەڵێکی زۆر دەست نووسی ئێوەم دیتبوو ئەو کات بۆتان باس کردم ئەوانە هەموو یاداشتی بەسەرهات و رووداوەکانی ڕابردوون، لەو سەرچاوانە کەڵکت وەرگرتوە؟

**وەڵام**: بەڵێ، بێ گومان سەرچاوەی سەرەکی بۆ نووسینی ئەم کتێبەی کە ئێستا لەبەر دەست دایە هەر ئەو یاداشتانە بوون کە ئاماژەت پێکرد، ئەو دەسنووسانە زۆربەیان ئی ئەو دەمەی بوون کە لە کوردستان بووم و بە بێ ئەوانە نەمدەتوانی ئەم کتێبە بنووسم.

**پرسیار**: باشە کوردەکان یان سەرزەمینی وان چیان پێبەخشیت و چیان لێئەستاندیت؟

**وەڵام**: نا نا رەحیم گیان، ئێوە هیچتان لێنەسندوومو بگرە زۆر شتان داومێ، یان باشترە بڵێم کە ئێوە هەموو شتێکتان داومێ‌و هەرچی هەمەو نیمە ئەوەیە کە لەگەڵ کوردەکان بووم، لە ڕاستی دا بوومە کوردو زۆریش فەخر بەمەوە دەکەم. لە وڵاتی کوردان دا چاوو گوێم کرایەوە و زۆر شتی گرینگ و پڕ بایەخ فێر بووم کە لە سەرجەم ژیانم دا کاریگەری باش و قوڵیان دانا.

**پرسیار**: بۆ نووسنی ئەم پەڕتووکە ئەوەندە زۆری خایاند؟

**وەڵام**: ماوەی ١٠ ساڵە سەرقاڵی نووسینی ئەم بەرهەمەم، هۆکاری ئەوەی کە ئەوندەی خایاند ئەوە بوو کە ئەو کەسەی کە پێیداچوویەوە و هەڵەچنی دەکرد ماوەیەک نەخۆش بوو ئەمەش وای کرد کە وەشانی کتێبەکە وەدرەنگی بکەوێت و ئەو ماوە زۆرەی بەسەر دا تێپەڕ بێت.

**پرسیار**: ئەگەر لە بیرت بێ، هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ هەر لێرە لە پاریس یەکمان بینی، من ئەو کات لە وڵاتی سوئێد دەژیام، لە کاتی نان خواردنی نیوەرۆدا بۆت باس کردم کە کاتی خۆی لەگەڵ یەکێک لە براکانی دوکتۆر قاسملوو لە موسافیرخانەیەکی شاری سەقز ماویتەوە و ژوورەکەشتان پڕ بوە لە مشک، ئەمەم بۆیە باس کرد بۆ ئەوەی نەختاڵێکیش باسی ناوەرۆکی بەرهەمەکە بکەین؟

**وەڵام**: جا ئەگەر وابێ خۆ کەس نایخوێنێتەوە، ئەتۆ ئەو شتانەت ئاوا لە بیر بێ ئیدی ناکرێ باسی بکەم. چوونکە ئەو بابەتەی کە باسیشت کرد لەم کتێبە دا هەیەو باشترە زۆر باسی ناوەرۆکەکەی نەکەین بۆ ئەوەی خوێنەران هەوڵ بدەن بیخوێنەوە. ئەگەر بێتوو وڵامت بدەمەوە ئەزانم بە دەم قسە کردنەوە هەمووم پێ دەگێڕیتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پرسیار:** تاکوو ئێستا پێشوازی لە چاپی فەرانسەوی کتێبەکە چۆن بوە؟

**وەڵام:** زۆر باش بوە. بەردەوام سەرنج و تێبینیم بۆ دێتو بە باشیش پێشوازی لێکراوە.

**پرسیار:** ئەدی بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد و تامەزرۆیانی ئەم کتێبە هەرچی زووتر بە کوردی بیخوێنەوە چ تەگبیرێک کراوە؟

**وەڵام:** چەند رۆژ بەر لە ئێستا کاک موستەفا هیجری لێرە بو، لەو بارەوە قسەمان کردو بڕیارە کاک خوسرەو عەبدوڵاهی بیکاتە فارسی، جا ئەگەر خۆشت بەو چوست و چالاکییە بیکەیتە کوردی زۆر باش دەبێ، هەڵبەت بۆ ئەو کارە دەبێ لەگەڵ کاک موستەفا هەماهەنگی بکرێت، ئەگەر هەرچی زووتر کارەکە دەست پێبکات باشترەو زۆر حەز دەکەم بزانم کە سەرنج و تێبینی خوێنەرە کوردەکان لەسەر ئەو کتێبە چییە.

**پرسیار:** باشە، دەتوانی پێم بڵێیت کە لەم کتێبەدا رووداوەکان گرێدراوی یەکترن یان نا؟

**وەڵام:** رووداوەکان گرێدراوی یەکتر نین، چوونکە هەر بەشەو پێوەندی بە کاتو شوێنێکی تایبەتییەوە هەیەو ئەمەش وای کردوە کە رووداوەکان گرێدراوی یەکتر نەبن.

**پرسیار:** ئەدی لەم کتێبەدا، چۆن باسی دوکتۆر قاسملوو ئەکەی‌و لە بارەی ئەوەوە چی نوێمان بۆ باس دەکەیت؟

**وەڵام:** ئەگەر کتێبەکەت خوێندەوە دەزانی کە چۆن باسی رێبەری کوردانم کردوە، من وەکوو خۆمو بە گوێرەی ئەزموون و زانیاری خۆم باسی ئەوم کردوە، وەکوو ئەوەی کە خۆم دیتوومەو لەگەڵی ژیاوم، باسی مرۆڤێک دەکەم کە چۆن لەگەڵی ئاشنا بوومو چۆن لە تەمەنی ١٧ ساڵی‌دا ئەویندارى بووم کە ئەویش تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو.

هەموو ئەو رووداوانە دەگێرمەوە کە لەگەڵ ئەوو بە هۆی ئەووەوە تووشی بووم. لە راستی دا، لە ڕوانگەی خۆمەوە باسی هەموو چاکەو خراپەکانی دوکتۆر قاسملوو دەکەم.

**پرسیار:** باشە ژن، بە تایبەتی ژنی کورد لەم کتێبەوە دا چ دەورێکیان هەیە؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**وەڵام**: ئەزانی دوکتۆر قاسملوو وەکوو مرۆڤێکی دێموکرات کە باوەری قوڵی بە دێموکراسی هەبوو بە نووسینی بەرنامە و پێرەوی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە بەرهەمی خوێندنەوەی چەند بەرنامەو پێرەوی نێوخۆیی حیزبە پێشکەوتوە ئوروپاییەکان بوو خزمەتێکی گەورەی بە ژنانی کورد کردو بەم چەشنە ئەسڵی بەرانبەری لە حیزبی دێموکرات دا جێگیر کرد. هەر بۆیە ژنان دەورێکی گەورەیان لە خەباتی رزگاریخوازانەی کورد دا گێراوەو دەیگێرن.

لە کتێبەکەی منیش دا بە وردی باسی دەورو رۆڵی ئەوان کراوە. وەکوو هەمیشە داواکارم کە ژنانی کورد پتر هەوڵی ئەوە بدەن کە خۆیان پەروەردە بکەن و ئاستی خوێندەواری خۆیان ببەنە سەرەوە، چوونکە تەنیا بەم شێوەیە دەتوانن بەسەر کەندو کۆسپەکان دا زاڵ بن، من لە تواناو ئازایەتی ئەوان گومانم نیەو لە نێو جەرگەی ئەو بزوتنەوەدا زۆر ژنی ئازاو بەجەرگم دیوە کە شایانی شانازی پێوەکردنن.

**پرسیار**: وەکوو دەزانن خەڵکی کوردستان، رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵرۆژی تیرۆری شەهیدانی ڤیەن، مانگرتنی گشتیی بەرێوە دەبەن و تەنانەت لە نێو گرتوخانەکانی رژیمیشەوە، چالاکانی مەدەنیو مافی مرۆڤ، داوایان لە خەڵک کرد کە لەم رۆژە دا مان بگرن و بەم چەشنە لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتی بەربەرەکانێ بکەن، هەواڵەکانی پێوەندی دار بەم جۆرە چالاکیانە چ کارتێکەرییەکیان لەسەر ئێوە هەیە؟

**وەڵام**: پێم خۆشە کە ئەم پرسیارەت لێکردم. خۆشحاڵم کە نەتەوەی کورد بەم شێوە خەباتە شارستانی و پێشکەوتوە یادی دوکتۆر قاسملوو رێبازی رێبەرانی خۆی بەرناداتو بە هەر شێوەیەکی بۆی دەکرێ یادو بیرەوەریی ئەوان بە زیندوویی رادەگرێ.

خەباتی کوردەکان لە پێناوی شەڕو خوێن رشتندا نەبووە. دوکتۆر قاسملوو بەردەوام باسی لە ئاشتی و پێکەوە ژیان دەکرد و هەر لەم پێناوەش دا گیانی بەخشی. ئەو هەموو هەوڵێکی دەدا کە بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد حیزبی دێموکرات گەورە، بەهێزو بەرین بکاتەوە، چوونکە باش لەو راستییە گەیشتبوو کە بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبێ حیزبەکە بەهێزو یەکگرتوو بێ، هەر لەم ڕوانگەوەیە کە من بەردەوام باسم لەوە کردوە هەر کەس و لایەنێک لە نێوخۆی حیزب دا هەوڵ بۆ لاواز کردنی ئەو حیزبە بدات خیانەتی کردوە.

لە ساڵانی رابردوودا لەسەر ئەم بۆچوونە تووشی زۆر رەخنەو لۆمە هاتووم، بەڵام ئەوە هەڵوێستی من بوە و قسەی دڵی خۆمە و بە قوڵی باوەرم پێیەتی، کەس بۆ وەها دەربڕینێک ناچاری نەکردووم.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر لەمەو بەدواش هەر کەس و لایەێک هەوڵ بۆ دابڕان و لاواز کردنی ئەو بزوتنەوەیە بدات بە هەمان ڕوانگە و هەڵوێستەوە قسەی لەسەر دەکەم.

سوپاس بۆ ئیوە و هاورێکانیشتان کە لە هەر جێگایەک بن بۆ بەهێز کردن و بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی کورد تێدەکۆشن، لە بیر مەکەن کە میللەتێک چاوی لە ئێوەیە...

**تێبینی**:

١- ئەمە بەشێکی کورتە لە وتووێژێکی چەند کاتژمێری لەگەڵ دادە نەسرین قاسملوو کە لە داهاتوو دا بڵاو دەکرێتەوە.

٢- ئەم وتووێژە یەکەم جار لە ژومارە ٦١٥ی "کوردستان"دا، بڵاوبۆتەوە.

**٢٣ی بانەمەڕی ١٣٩٠ی هەتاوی = ١٣ی مارچی ٢٠١٢ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# وتووێژی کوردستان لەگەڵ نەسرین قاسملوو



**نەسرین قاسملوو**: ڕۆژنامە نووسان، سیاسەتمەدارەکان، نوێنەرانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان هەموویان نەتەنیا خۆشحاڵ دەبوون کە لە گەڵ "ڕەحمان" قسە بکەن بەڵکوو هەموویان، ڕازی بوون کە بتوانن لە گەڵ وەها دیپلۆماتێک قسە بکەن.

هێلێن کرۆلیچ یان نەسرین قاسملوو هاوژینی ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییە دیار و بەرچاوانەیە کە لە ساڵانی سەختی خەباتدا چ بەنهێنی و چ بە ئاشکرا هاوکار و یارمەتیدەری ڕێبەری بلیمەتی بزووتنەوەی کوردستان بووە. لەم ژمارەی کوردستاندا و لە بەرەبەری سیهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری ناجوامێرانەی شەهید قاسملوو لەگەڵ نووسەری کتێبی"ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا" وتووێژێکمان ئەنجام داوە کەدەخرێتە بەر دیدی ئێوەی ئازیز:

**هەڤپەیڤین**: د.ئومید ساعێدی

**هیوا میرزایی**

**پرسیار**: کاتێک کتێبی "ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان" ئەخوێنینەوە، بەسەرهاتی ژنێک دەبینین کە سەختی و دژواری زۆری دیتوە، ئەم کوێرەوەری و ژیانە سەختە لە پێناوی چیدا بوو؟

**وەڵام**: دەزانن، کاتێک کە لە تەمەنی لاویە تیدا سیاسی بیر بکەیتەوە، ئەو کات کە دەچیتە نێو جۆرێک خەباتەوە، بۆتانشتێکی سەلمێندراوە کە ئەم ڕێگە ئاسان نابێ، کاتێک کە ئاسان نییە، ئێوە دەزانن کە بۆچی ئاسان نییە، ئە مەیە کە کاتێک دەچیتە نێو خەبات لە دژی ئەم فیکرە، ئیدی بۆتان سەلمێندراوە کە یان دەبێ بەرە و پێش بڕۆیت یان دەبێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بێدەنگ بی و من نەمدەویست بێدەنگ بم، ئەمەیە کە دروستە کە ئاسان نەبوو بەڵام لە زەینمدا جۆرێک هێز هەبوو دەدرا بە ڕۆحی من و من دەمتوانی درێژەی پێ بدەم بێ ئەوەی کە نەخۆش بم، بێ ئەوەی کە ناڕاحەت بم لە بواری ڕۆحی، بێ ئەوەیکە لە واقێعدا ئەو شتەی کە خەڵک خەبات ناکەن و بیردەکەنەوە کە زۆر دژوارە بۆ من زۆر دژوار نەبوو.

**پرسیار: دەکرێ باسی جیهانبینی دوکتور قاسملوومان بۆ بکەی، چۆن دەیڕوانییە جیهان؟**

**وەڵام:** من دەتوانم تەنیا ئەوە بڵێم کە "ڕەحمان" هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، یەکەم بیری لە کورد دەکردەوە، بیری لە کوردستانی خۆی دەکردەوە بەڵام دەیزانی کە بەبێ جیهان ناتوانێ ژیان بکا و ژیانی کوردستان بەشێکە لە ژیانی جیهان و هەر بەم هۆکارەش جیهانبینیەکەی زۆر بەر بڵاو بوو. بۆ خۆیشی دەیسەلماند و بۆ هەر کوێی دونیا بڕۆیشتبا هەوڵی دەدا کە لە خەڵک تێبگات و لێهاتوویی و شارەزاییەکی زۆری هەبوو کە خۆی بە خەڵک بناسێنێ و لە خەڵکیش تێبگات، لەم بوارە دا بەڕاستی "ڕەحمان" کەسێکی تێگەیشتوو بوو.

**پرسیار: دوکتور قاسملوو چەندە باوەڕی بە نوێگەری بوو و چەندە هەوڵی دەدا کە هەم خۆی و هەمیش حیزبەکەی بە ڕۆژ و مودێڕن ڕابگرێ؟**

**وەڵام:** لە وڵاتێکدا کە نەخوێندەواری زۆرە، یەکێک کە تێگەیشت کە دێموکراسی مانای چییە؛ بۆ ئەو وڵاتە دواکە وتووە، دێموکراسی مودێڕنە و شتێکی نوێیە. جوان لە بیرمە کاتێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشی ناوەندی کوردستانی ڕزگار کردبوو و لە بەرنامەی حیزب نووسرابوو کە بەرە و دێموکراسی حیزب دەبێ هەنگاو هەڵبگرێ و چ شتگەلێک پێویستە، خەڵکی کوردستانی نیشتە جێی ئەو شوێنە هەوڵیان دا بە خێرایی، بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر هەموو ئەم گۆڕانانە ئەنجام بدەن، ئەمە ئیمانی "ڕەحمان" بوو کە دەبێ دێموکراسی بێنێت بۆ کوردستان. مودێڕنیزە کردنی کوردستان ئەو کات شتێک بوو کە لە واقێعدا مودێڕن بوون لە کوردستان جۆرێک مانای نەرێنی هەبوو بەڵام "ڕەحمان" توانی ئەو مانایە بەپێچەوانە بکاتەوە و بڵێت کە دێموکراسی سەرەڕای ئەوەیکە شتێکی مودێڕنە، ئیدەیەکە کە ئازادی دەدا بە خەڵک. دەتوانین بڵێین کە لە واقێعدا "ڕەحمان" ڕێبەرێکی زۆر مودێڕن بوو. ئەم ئەزموونەی کە من کردم لەو سێ بەشە ئازادەی کوردستاندا، لە فیکرو زەینی مندا ماوەتەوە کە ئیمکانی نەبوو پێشتر لە شوێنێکی دیکە بیبینم. بە دڵنیاییەوە حەتمەن لە شوێنێکی دیکەش شتی وا ڕوویداوە لە مێژووی وڵاتانی ئۆرووپایی، بەڵام من ئەو کات هێشتا لە دایک نەبوو بووم و ئەم ئەزموونە بۆ من شتێکی زۆر سەرە نجڕاکێش بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پرسیار**: لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکاندا و ڕوو لە دونیای دەرەوە دوکتور قاسملوو چۆن دەیڕوانی و هەڵسوکەوتی دەکرد؟

**وەڵام**: بۆ وڵامی ئەم پرسیارە تەنیا دەتوانم بڵێم کە حیزب هیچکات دیپلۆماتکارێکی وەها تێگەیشتووی نەبووە، لانیکەم تا ئەو کات نەیبووە، نازانم ئێستا بە چ شێوەیەکە. ڕۆژنامە نووسان، سیاسەتمەدارەکان، نوێنەرانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان هەموویان نەتەنیا خۆشحاڵ دەبوون کە لە گەڵ "ڕە حمان" قسە بکەن بەڵکوو هەموویان، ڕازی بوون کە بتوانن لە گەڵ وەها دیپلۆماتێک قسە بکەن و دوای ساڵانێکی زۆر ئەوانەی کە دوکتور قاسملوویان دەکەوتەوە بیر، هێشتایش یادی ئەو ئازادی و ساکار قسە کردنەکانی ئەو دەکەنەوە. بە ڕای من ئەمە پێوەندی بە خوێندەواری کامڵی "ڕەحمان" بوو، پێوەندی بەوە هەبوو کە چەندین زمانی دەزانی، پاشانیش ئەخلاقێکی زۆر ساکاری هەبوو و هەموو ئەمانە دیپلۆماتێکی لێ دروستکردبوو کە نایاب بوو.

**پرسیار**: ئەو ڕێنوێنی و ڕێگە چارانەی کە دوکتور قاسملوو بۆ نەوەکانی پاش خۆی بە جێی هێشت چ بوون؟

**وەڵام**: کاتێک کە چاو لە وێنەکانی نەوەی ئەمڕۆ دەکەم، یادی ئەو نەوە دەکەومەوە کە خۆم شایەتی بووم لە ٤٠ ساڵ لەوە پێش. "ڕەحمان" لە گەڵ لاوەکانی حیزب، پێوەندی گەلێکی هەبوو کە پێموایە کە ئەوان خۆشیان لێ دەهات، واتە نیشانیان دەدا بەڵام ئەو شتەی کە بە ڕای من گرینگتر لە هەموویان بوو ئەوە بوو کە دەیخستە زێهنیانەوە کە خەبات هەمیشە بە کەڵکە، نەتەنیا بە کەڵکە بەڵکوو پێویستە و لەمە گرینگتر ئەوە بوو کە نیشانیانی دەدا کە جیهان بەربڵاوە و نابێ تەنیا خۆیان ببینن بەڵکوو دەبێ جیهانیش ببینن، لە گەڵ جیهان بسازن، بە کورتی فێری ئەوانیشی دەکرد کە فیکرێکی نێونەتەوەییان قەبووڵ بێ و ئەنجامی بدەن و پەرەی بەم شێوازی بیرکردنەوە لە نێو لاوان و کەسانی دیکە دەدا و ئەمە بە ڕای من زۆر گرینگە.

**پرسیار**: بۆچی کوردەکان بۆ هەمووان کێشەن، یان بە واتایەکی دیکە بۆچی چوار دەوری ئێمە کێشەیان لە گەڵ خەباتی کورد هەیە، مەگەر کورد داوای چ دەکا؟

**وەڵام**: ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و خراپتر لە مەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردستانیان کردە چوار بەش، هەموو ئەم وڵاتانە لە واقێعدا خۆیان باڵاتر لە کورد دەزانن و لە ژیانی مرۆڤ ئەمە جێگەی تەحەمووڵکردن نییە، گرفتی کورد ئەمەیە؛ دواتر گرفتی کورد ئەمەیە کە چوار وڵات لە واقێعدا کورد بە دەستکرد دەزانن و لە قوتابخانە و لە فێربوون دووریان خستووەتەوە و کوردیان بە شێوەی فەرمی دواکەوتوو هێشتووەتەوە. ئەمەیش بۆ هیچ کەس جێگەی قەبووڵ کردن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نییە، کورد بۆ خۆی دەزانێ چی دەوێ، ئەوە شتێ کە من دەزانم دەیانهەوێ لە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەش بووە، بێنەدەرێ کە جیهان ئەوان وەک نەتەوەی ئازاد و بەرابەر بناسێ و بتوانن خۆیان ڕێبەری خۆیان بن. من ناڵێم کە دەبێ خێرا سەربەخۆییان بوێت، چوونکە یەکەم نازانن چی لێبکەن، چوون شارەزاییان لێی نییە، دووهەمەن دوژمن لە پشت سەریانە، هە ئەو کاتەی کە کورد بە دەنگی بەرز بڵێت کە من سەربەخۆییم دەوێ لە خودموختاری وازبێنێ، ئەو کات دوژمن ئامادەیە کە هەموو کارێک بکات کە سەر لە نوێ کورد بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. دوکتور قاسملوو بارودۆخەکەی زۆر بە ڕوونی دەبینی نەتەنیا بۆ کورد بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش. کاتێکیش دەیگوت کە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان مە بەستی هەر ئەمە بوو کە کورد سەرەتا فێربێ چۆن خۆی ڕێبەری و بەڕێوە ببات؛ کاتێ کە فێربوو یان لانیکەم تێگەیشت کە یانی چی، ئەو کات دەتوانێ داوای سەربەخۆیی بکات، هەڵبەت من دەزانم کە هەموو کوردەکان سەرەبەخۆییان دەوێ زۆر سروشتییە؛ تەنیا مێژوو لە هەمبەر کوردەکان تاوانی کردووە، ئێستایش جیهان نایهەوێ هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە، کورد دەبێ خۆی هەوڵ بدات کە کارێک بکا کە بەڕاستی فێربێ و ئەو کات سەربەخۆیی وەربگرێ. تۆ وێنای بکە کە کوردستان سەربەخۆ دەبێ، کێ قەبووڵی دەکا، ئەم چوار وڵاتە، لەم چوار وڵاتە دەبێ لە هەر کامیان پارچەیەک جیا ببێتەوە لە بەر ئەوەیکە کوردستانە؛ بۆ زلهێزەکان هەموو ئیستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تێک دەچێ، ئەمانە دەبێ ئیستراتیژییەکی نوێ دابڕێژن. نەوت چەکێکی مەرگهێنەرە، ئەوەیش دەبێ کورد لێی تێبگات ئەمەیە کە کارەکەی ئاسان نییە بەڵکوو زۆر دژوارە بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ بە خودموختاری و بە ئازادی خۆی بگات.

**پرسیار**: تۆ بۆ خۆت کوردت چۆن ناسیوە؟ ئایا کورد ئەو سیماو ڕووخسارەیە کە نەیاران و دوژمنانی وێنای دەکەن؟

**وەڵام**: کوردەکان ناراحەت نەبن ئەگەر من ڕاستبێژانە قسەیەک بکەم؛ بەهۆی چارە نووسییەوە من تەنیا ئارەزوو دەکەم کە بەهێز بێ و خەبات بکات بەڵام مەسەلەی عاقڵ بوونی بۆ من گرفتێکی هەیە، ڕەنگە پێوەندی بەوە هەیە کە جیهان کورد لە گەڵ خۆی بەرانبەر نازانێ، کورد ئارەزوویەتی کە خۆی نیشان بدات کە لە هەموو کەس بەهێزترە و ئەمە وادەکات کە ڕێکخراو دادەمەزرێنێ و حیزب دادەمەزرێنێ و هێواش هێواش ئەم ڕێکخراو و حیزبە دابەش دەکا بە چەند دانە لە بەر ئەوەیکە قەبووڵی نییەیان وا بیر دەکاتەوە کە خۆی لە کەسی دیکە بە باشتر دەزانێ؛ کورد کەمێک لە منداڵ دەچێ، بۆ ئەوەیکە خۆی نیشان بدات هەڵە گەلێک دەکا کە نەدەبوا بیکردبا. من لە واقیعدا هەموو ژیانم لە گەڵ کوردەکاندا بووە، ڕەنگە هەمیشە لە گەڵیان ژیانم نەکردبێ بەڵام تەواوی بوون و ناخی من لە گەڵ کورد بووە ئەمەیە کە من کورد و کوردستانم خۆش دەوێ و ڕەنگە هەر ئەمەش بێ کە من هەڵەکانی کورد دەبینم و حەزم لێیە کە عاقڵ ببێ.

**پرسیار**: ئەم هەموو تراژیدیا گەورانە کە بەسەر کورددا هاتووە، هۆکاری چییە کە دونیای دەرەوە هێشتا لە کۆڕ و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**کۆبوونەوە سیاسی دیپلۆماسییەکاندا ئاوڕ لە کورد ناداتەوە و پشتیوانی لە خەباتی کورد ناکات؟**

**وەڵام**: دەبێ فێر بین لە قوتابخانە، لە کتێب، لە ڕۆژنامە، لە جیران، لە نەتەوەکەی، دەبێ فێر بێ و بیر بکاتەوە و ببینێ کە چ دەرسێکی لێ وەرگرتووە؟ ئەگەر تێگەیشت، فێربوو، ئەو کات بوێری ئەوەی هەبێ کە بەپێی ئەوە کار بکات، خەبات بکات و قسە بکات، ئەمانە ناکرێ لە ڕۆژێکی دیکەوە فێر بێ و ئەنجامی بدات بەڵام دەبێ مرۆڤ ئەو بوێرییەی تێدا بێ کە بەڕاستی ژیانی بەرە و ئەم شتانە ببات و بزانێ کە ڕەوتێکی درێژخایەنە بەڵام بڵێت کە من کوردم، من ژنم، دەبێ من ئەم کارە بکەم، ئەممن دەگەیەنێت بە ژنانی کورد. مەسەلەی ژنانی کورد بۆ من بووەتە مەسەلەیەکی دژوار، دەزانی ژنانی وڵاتانی دواکەوتوو هەموویان چارە نووسیان زۆر دژوارە؛ لە ڕاستیدا لە ژێر دەستی باوکیان، مێردەکەیان، براکەیان، کوێخا، شارەدار و دەوڵەتدان و هەموویان دەبێ ئەم ژێردەستییە تەحەمول بکەن و درێژە بە ژیان بدەن، ژنانی کورد ژانێکی زیاتریان هەیە کە کوردن؛ لە ڕاستیدا هەموو ئەم زوڵمانەی دیکە کە ژنان ئەزموونی دەکەن، کورد بوونیشی پێوە زیاد دەبێ. من بینیومە کە ژنانی فارس و عەرەب لە باڵا دەستییەوە سەیری ژنانی کورد دەکەن ئەمە وەحشەتناکە، بەڕاستی وەحشەتناکە! ئەمەیە کە پیاوی کورد کاتێک کە لە مە تێگەیشت دەبێ بۆی ئاسانتر بێ کە لە گەڵ ژنکی ڕەفتارێکی دیکەی هەبێت و ژن لە گەڵ خۆیدا بەرابەر بزانێ ئەو کات دەبینێ کە ژنانی کورد چ شتگەلێک دەزانن و چ بوێرییەکیان هەیە و چ تێگەیشتوویەکیان هەیە.

دەبینی ئێستا ڕێژەی ژنانی خوێندەواری کورد زیادی کردووە. سەرەڕای ئەمانە بگەڕێمەوە بۆ کوردستان مەسەلە هەر ئەمەیە و من نزا دەکەم کە ڕۆژێک بگات بەو شوێنەی کە ژنانی کوردیش(هەڵبەت بۆ ژنانی دیکەیش، بەڵام بۆ من ژنی کورد نیزیکترە تا ژنی تورک) ئازاد بن.

**پرسیار**: **ئێمە دەزانین دوکتور قاسملوو جیا لە وەی کە کەسایەتێکی سیاسی بوو، ئۆگری بۆ هونەر و بوارەکانی دیکەیشە هەبوو، دەتوانی پێمان بڵێت کە کاک دوکتور قاسملوو لەم شتانە حەزی لە چی بوو؟**

**وەڵام**: لەم بوارە دا دوکتور قاسملوو کەسێکی ئاسان بوو، لە بواری خواردن هەموو شتێکی دەخوارد، شتێک نەبوو کە حەزی لێ نەبێ و قەبووڵی نەبێ، هەڵبەت خواردنی ئێرانی پێخۆشتر بوو، بەڵام دەکرێ ئەمەیش لە بارەی خۆیشمەوە بڵێم من خواردنی ئێرانیم لە هەموو خواردنێک پێ خۆشترە، ئەمە بوو کە لە بواری خواردن کەسێکی سادە بوو واتە ئاشپەزێک کە بۆ دوکتور قاسملوو خواردنی دروست بکردبا، کارەکەی زۆر دژوار نەبوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**پرسیار**: خواردنێک تایبەت بوو کە زۆری حەز لێ بێ؟ بۆ خۆیشتان چ خواردنێکی تایبەت هەیە کە حەزتان لێ بێ لە خواردنە کوردی و ئێرانییەکان؟

**وەڵام**: خواردنی تایبەت نازانم بەڵام ئەو شتەی کە بەڕاستی زۆری دەخوارد گوێز و فستەق بوو.

ئەو شتەی کە پێوەندی بە کتێبەوە هەیە من هەمیشە دەکەومە بیر باوە گورم، دوکتور قاسملوو هەموو شتێکی دەخوێندەوە هەر شتێکی پەیدا دەکرد، تیکە ڕۆژنامەیەک، کتێبێک هەموو شتێکی دەخوێندەوە، هەڵبەت کتێبە کلاسیکەکانی ئۆرووپا و ئەمریکایشی دەخوێندەوە. بۆ مووسیقی گوێی لە موسیقی کلاسیک دەگرت کاتێ لە ماڵەوە دامانددەنا بەڵام ئەو شتەی کە لە هەموو شت زیاتر حەزی لێی بوو مووسیقی و گۆرانییە کوردییەکان بوو، لە بەر ئەوەیکە ئەوی دەبردەوە بۆ نیشتمانی خۆی. ژیانی تایبەتی دوکتور قاسملوو زۆر سادە بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی جولای ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




گوڵە نەسرینــی د. قاسملوو

پیرۆزانەی ٨ی مارسی کوڕە پێشمەرگەیەک

بۆ خاتوو "هێلین" نەسرین قاسملوو

ئەحمەد ڕەحمانی

سەردەمانێکم بیر دێتەوە شان بەشانی قاسملووی کوردان دەهاتیتە ناومان و بە خۆشەویستیتان بەسەرتان دەکردینەوە، ئەو کات منداڵ بووم، کاتێ ناوی خاتوو نەسرین قاسملووم دەبیست هەموو گوڵێکی جوانی وەرزی بەهاریم بیر دەکەوتەوە، لە بەر خۆمەوە لە بیری منداڵیم دا هەر دەمگوتەوە تۆ بڵێی باپیرە قاسملوو بۆنی خۆشی کام گوڵە نەسرینی کردبێ و لە جیاتی ناوی خاتوو هێلین ناوی خۆشی خاتوو نەسرینی بۆ ئێمە بەدیاری هێنابێ.

بەڵێ خاتوو نەسرین قاسملوو خۆشەویست و خۆشناو بوو لە ناوماندا، گوڵێک بوو بەجوانی خۆی هێندەی تر باپیرە قاسملووی بۆ جوان دەکردین، ئێستاش هەموو جارێ کە دەیبینین یاخود لە وێنەکانی ڕادەمێنین شان بە شانی قاسملووی کورد لە هەناوی بیروهزرماندا بە گوڵە جوانەکەی نێودێری ڕێبەری شەهیدمان دەیبینین، خۆشماندەوێ بۆنی خۆشی باپیرە قاسملوو لە بۆنی خۆشی خاتوو نەسرین قاسملوو دا هەست پێ دەکەین و سییەکانمان جێی هیچ بۆنێکی خۆشی تری تێدا نابێتەوە.

لە پێنووسی منی منداڵە ڕەش و ڕووتەڵەی ئەوکاتی نێو شۆڕش و بەرەو هەڵکشانی تەمەنی ئێستام دا جوانترین گوڵی باخچە جوانەکەی دکتۆر قاسملووی ڕێبەری شەهیدی و لە وەفای پێنووسم دا بە بۆنەی ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژی ژنانەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەنکێک لە جوانترین گوڵە نەسرینەکانی وشەکانم دەهۆنمەوە لە گەردنی خاتوو نەسرین قاسملوو یادگارە جوانەکەی ڕێبەری شەهیدمانی دەکەم.

-----------

## ژوانی دوو دڵدار لە پاش ٣٣ ساڵ

پێرلاشێز قیبلەکەم، ئارامگای ڕەحمان و سادق و شەهیدانم وا بەرەو ئامێزت بەرێوەیە گوڵە نەسیرینی د. قاسملوو، دەمێک ساڵە چاوەڕوانە کەی کێلی گڵکۆی ئەویش شانبەشانی دکتۆر قاسملووی شەهید بێت،

ژوانێکە و لە پاش ٣٣ ساڵ دەپشکوونەوە خەندەکانی سەردەمی گەنجی و جوانی. یەڵمازگۆنای خەریکە درێژترین ڕۆمانە فیلمی ئەم گەردوونە چێ دەکا، لە بزەی سەر لێوانی دکتۆر قاسملوو و خاتوو هێلین قاسملوو ڕاماوە دەگەڕێ دەگەڕێ، بیر دەکاتەوە ناوی فیلمەکەی دەنێ "ژوانی دوو دڵدار لە پاش ٣٣ ساڵ"

------------

## گوڵە نەسرینی دکتۆر قاسملوو

بۆ بەجێتهێشتین ئەی بڕیار نەبوو لە گەڵمان بێیتەوە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان زێدی لە دایکبوونی دکتۆر قاسملوو مزگێنی ئازادی نیشتمان ببەشیەوە لە ناو گەلی قاسملوو خۆشەویست دا،

بۆ بە جێتهێشتین ئەی بڕیار نەبوو سەرچۆپی زەماوەندی ئازادی و سەربەستی نیشتمانەکەی دکتۆر قاسملوو لە ئاسمانی سەربەستی ڕۆژهەڵات دا هەڵسووڕێنی،

بۆ بەجێتهێشتین ئەی بڕیار نەبوو تابووتی ڕێبەرانمان لە پێرلاشێزی پاریسەوە بنێینە سەر شان و بەرەو ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بیانبەینەوە،

گیانت ئارام گوڵە نەسرینی دکتۆر قاسملوو، ڕوحت شاد خاتوو هێلین یادگارەکەی جوانەکەی دکتۆر قاسملوو.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٣ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٣ی زایینی

https://serchawe.com